*Journal of Language Studies* **Vol.8, No.3, 2024, Pages (136-172)**
**DOI: https://doi.org/ 10.25130/Lang.8.3.8**

IRAQI Academic Scientific Journals العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Driver Familiarity with Nonverbal Signs of Traffic and its Connection with the Role of Television Programs

**Asst. prof. Yadgar Ali Muhammad***
**Garmian University**
**yadgarali@garmian.edu.krd**
**&**
**Lecturer. Hazhar Khudadad Hassan**
**Garmian University**
**Hazhar.Khudadad@garmian.edu.krd**

**Received: 10** /8 / 2023 , **Accepted:** 4 / 9 /2023, **Online Published: 31 /3/ 2024**

## Abstract

The study entitled "Driver Familiarity with Nonverbal Signs of Traffic and its Connection with the Role of Television Programs". Itis a descriptive study, with using both analytical and survey methods. The main objectives of it is to identify the roles and consequences of television programs on the identification of traffic nonverbal signs among drivers, then to analyze the meanings of traffic icon signs in Kalar district.
The sample of the study consists of all traffic signs in Garmian administration, including (26) signs in the main streets of Kalar that were taken through boards sampling, and (506)

* **Corresponding Author** Yadgar Ali**, Email:** yadgarali@garmian.edu.krd
**Affiliation**: Garmian University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

drivers who have (private and public licenses)formthe both (maleand female)genders in Kalar district who were randomly selected.
In conclusion, several scientific results are found such as that each nonverbal traffic in terms of color, shape and content has its own linguistic meaning and direct a specific message for the drivers' safety in the different areas. The research also shows that the specific traffic television programs have high positive impact in familiarizing drivers with the various content of the traffic signs. it also clarifies that there are some other nonverbal signs that the television programs have paid little attention to introducetheir contentswhich the majority of drivers do not understand the messages behind them.
**Keywords:** language, nonverbal signs, icon signs, television programmes, traffic television programmes.

# معرفة السائق بالإشارات المرورية الغير اللفظية وعلاقتها بدور البرامج التليفزيونية

**ا.م.د. يادكار علي محمد**
جامعة كرميان
و
**م. هەژار خداداد حسن**
جامعة كرميان

**المستخلص**
هدفت الدراسة إلى كشف دور وتأثير البرامج التليفزيونية المرورية المقدمة من القنوات التلفزيونية الكوردية على معرفة الإشارات المرورية الغير اللفظية لدى السائقين مع تحليل المعاني اللغوية من تلك الإشارات داخل مركز مدينة كلار الواقعة بإدارة كرميان بمحافظة السليمانية في إقليم كوردستان العراق. ويعد هذة الدراسة من البحوث والدراسات الوصفية بشقيه التحليلية والمسحية.
وتضمنت العينة التحليلية للدراسة جميع الإشارات المرورية في منطقة إدارة كرميان، بما في ذلك (26) إشارة مرورية على الشوارع الرئيسية لمركز المدينة، وعينة الدراسة المسحية شملت (506) مبحوث من سواق مدينة كلار من كلا الجنسين وتم إختيارهم عشوائياً.
وتوصلت الدراسة إلى جملة من الإستنتاجات العلمية، ومنها: إن لون وشكل بمحتوى الإشارات المرورية غير لفظية تحمل معناها اللغوي الخاص وترسل رسائل محددة لخدمة وسلامة السائقين في مختلف المجالات. كما إتضح أن البرامج التليفزيونية المرورية المحددة لها تأثير إيجابي كبير جدًا على تعريف السائقين بمحتوى إشارات المرور التي تتكون من إشارات مختلفة. من الواضح أن بعض

البرامج التلفزيونية تولي القليل من الإهتمام لعرض العلامات الغير اللفظية لمحتواها، ومعظم السائقين لا يفهمون معنى ورسالة هذه الإشارات.

**الكلمات الدالة**: اللغة، اللغة المرورية الغير اللفظية، البرامج التليفزيونية، البرامج المرورية في التليفزيون.

## ئاشنایەتی شۆفێر بە هێما نازمانییەکانی هاتوچۆ و پەیوەندی بە ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان

**پ.ی.د. یادگار عەلی محەمەد**
**زانکۆی گەرمیان**
**و**
**م. هەژار خداداد حەسەن**
**زانکۆی گەرمیان**

## پووختەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی: ئاشنایەتی شۆفێر بە هێما نازمانییەکانی هاتوچۆ و پەیوەندییە ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانەوە، ئامانجی سەرەکیبریتییەلە دەستنیشانکردنیڕۆڵ ولێکەوتەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان لەسەر ناساندنیهێما نازمانییەکانی هاتووچۆ لەلایشۆفێرانەوە، پاشان شیکردنەوەی مانا زمانییەکانی هێماکانی هاتووچۆ لە سنوری قەزای کەلار. ڕێبازی لێکۆڵینەوەی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی وەسفی و هەردوو ڕێگەی (شیکاریی) و (ڕووپێوکاریی) بەکارهێنراوە.
کۆمەڵی شیکاریی ئەم توێژینەوەیە لە هەموو هێماکانی هاتووچۆ لە سنوری ئیدارەی گەرمیان پێکهاتووە و مشتەکەش بریتییە لە (26) هێما لە شەقامە سەرەکییەکانی کەلار، کە بەڕێگەی(مشتەی پشکەکان)-(Quota Sample) وەرگیراون، هەروەها کۆمەڵی مەیدانی توێژینەوەکەش؛ لە هەموو شۆفێرانی هەڵگری مۆڵەتنامەی (تایبەت – گشتیی) لە ناوەندی ئیدارەی گەرمیان پێکهاتووە، مشتەکەشی بریتییە لە (506) شۆفێر بەجیاوازیڕەگەزی (نێر) و (مێ) لە قەزای کەلار کە بەشێوەی هەڕەمەکی مەبەستدار وەرگیراون.
توێژینەوەکە بە چەندین ئەنجامی زانستیی گەیشتووە، لەوانە: هەر هێمایەکی نازمانی بواری هاتووچۆ لەڕوویڕەنگ و شێوە و ناوەڕۆکەوەهەڵگری مانای زمانی تایبەت بەخۆیەتی و ئاراستەکردنی پەیامێکی دیاریکراو بە خزمەتگوزاریی و سەلامەتیی شۆفێران لە ناوچە جیاجیاکان دانراون،هەروەها دەرکەوتووە، کە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی تایبەت بە بواری هاتووچۆ بەڕادەیەکی ئێجگار بەرز کاریگەریی و لێکەوتەی ئەرێنی گرنگیان لە ئاشناکردنی شۆفێران بە ناوەڕۆکی هێما نازمانییەکانی بواری هاتووچۆ هەیە،کە لە هێما و تابلۆ ئەندازەییە جۆراوجۆرەکان پێکهاتوون. ئەوەش بەڕوونی دەرکەوتووە، هەندێك هێمای نازمانی کە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان تیشکێکی کەمیان خستووەتە سەر ناساندن و گەیاندنی ناوەڕۆکەکانیان، زۆرینەی شۆفێران لە مانا و پەیامە نازمانییەکانیان تێنەگەیشتوون.

**وشه سەرەكییەكان:زمان،هێمای نازمانی، بەرنامەی تەلەڤزیۆنی، بەرنامەیتەلەڤزیۆنی بواری هاتووچۆ.**

## پێشەكی

هەموو هێمایەكی هاتووچۆ مانا و پەیامی بۆ شۆفێران و پیادەڕەوەكان تێدایە. ئەو پەیامە بریتییە لە زمانێك كە بە بێدەنگ،یاخوود زمانی هێما ناودەبرێت. ئەو زمانە مێژوویەكی دووردرێژی هەیە و لە بواری هاتووچۆ تابلۆیەكی ئەندازەیی كە لە ڕەنگ وێنەی جیاواز پێكهاتووە، بەرجەستەی دەكات. ئاسان نییە هەمووان بەیەك ئاست لە مانای زمانی هێماكانی هاتووچۆ بگەین. ڕەنگبێت ئاستی ڕۆشنبیریی تاكەكان، ئاشنایەتیان بە شێوەی ژیان لە شارستانییەت، ئاستی خوێندەواریی و بەكارهێنانی ئامرازە پەروەردەیی و فێركارییەكان پەیوەندی ڕاستەوانەیان لەگەڵ تێگەیشتن لەو زمانە هەبێت.

تێگەیشتن لە زمانی هاتووچۆ دەكرێت بە نیوەی هۆشیاریی شۆفێر بەرامبەر بە بواری هاتووچۆ ئەژماربكرێت، كە بە پابەندبوون بە هێماكان سەلامەتی گیانی خۆی و سەرنشینان و تەنانەت شۆفێران و پیادەڕەوەكانیش لەسەر ڕێگەكان بپارێزێت.

ژمارەی قوربانیانی ڕووداوەكانی هاتووچۆ لە جیهان لەگەڵ قوربانیانی نەخۆشییە كووشندەكانی، وەك: شێرپەنجە و دڵ كێبركێ دەكات. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی: مردن بە ڕووداوەكانی هاتووچۆ لە نێوان تەمەنی (5-29 ساڵ) دووەمین هۆكاری مردنە لە جیهان و ساڵانە یەك ملیۆن و (500) هەزار كەس لە جیهان بەڕووداوەكانی هاتووچۆ گیانلەدەست دەدەن و نزیكەی (50) ملیۆن كەسی تریش بریندار دەبن .

زۆربەی وڵاتان هەوڵی زۆر لەپێناو دانانی سنورێك بۆ ڕووداوەكانی هاتووچۆ دەدەن و كاردەكەن هۆشیاریی هاتووچۆ لە نێو تاكەكانی كۆمەڵ بڵاوبكەنەوە و ڕۆشنبیرییەكی درووستی هاتووچۆلەلایان بچێنن .

كەناڵە ئاسمانییەكان لەو ئامرازە ڕۆشنبیرییانەن كە لەتوانایاندایە لە ڕێگەی ئەو بەرنامانەی تایبەت بە بواری هاتووچۆ بەرهەمیدەهێنن و پێشكەش بە جەماوەری دەكەن، پەیامی زمانی (هێما نازمانییەكانی هاتوچۆ) بە كۆمەڵ بگەیەنن و بۆیان ئاسان بكەن. بەوكارەش جۆرێك لە هۆشیاریی لە نێویان دێتەكایەوە و پابەندێتیان بە سەلامەتی هاتووچۆ لەلایان درووستدەبێت.بۆ ئەو مەبەستەش بەرنامە تەلەڤزیۆنییەكان لەتوانایاندایە چەندین ڕێگە و ئامراز بەكاربهێنن، لەوانەش؛ بەكارهێنانی وێنەی جووڵاو بۆ ڕوونكردنەوەی تابلۆ ئەندازەییەكان، هەروەها بەكارهێنانی گرافیك و میوانداریی كەسانی پسپۆر بەمەبەستی خستنەڕووی ڕوونكردنەوە و زانیاریی پێویست لەوبارەیەوە.

## تەوەرییەكەم: میتۆدی توێژینەوە

**كێشەی توێژینەوە:**كێشەی ئەم توێژینەوەیە لە پرسیارێكی سەرەكیدا بەرجەستە دەبێت: ئایا بەرنامە تەلەڤزیۆنییەكان چ ڕۆڵێكیان لە ناساندنی مانا زمانییەكانی هێماكانی هاتووچۆ لەلای شۆفێران هەیە؟

**گرنگی توێژینەوە:**ئەنجامەكانی ئەم توێژینەوەیە گرنگەبۆ بوارەكانی:

أ- **كۆمەڵ:** دەبێتە بەرچاوڕوونیی و بەڵگەیەكی گرنگ بۆ كەناڵەكانی ڕاگەیاندن و لایەنی پەیوەندیدار بە بواری هاتووچۆ كە بۆچوونی شۆفێران لەبارەی ڕۆڵی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی لە ئاسانكردن و ئاشنایەتییان بە زمانی هاتووچۆ دەردەخات.

ب- **پسپۆرێتیی:**تا سنوری ئاگاداربوونی توێژەران یەكەمجارە توێژینەوەیەك بەم ناونیشانە لەسەر هێما نازمانییەكانی هاتووچۆ و ڕۆڵی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی لە ئاشناكردنی ئەو زمانە بە

شۆفێران لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێت. ئەمەش لەلایەك پێگەی هێما نازمانییەکان لەنێو پێکهاتە و لقەکانی زمانەوانی پیشاندەدات، لەلایەکی تریش کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکرێت لەسەر ئەنجامەکان کە بۆچوونی شۆفێران لەخۆدەگرێت، بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانیان کە تایبەتن بە بواری هاتووچۆ کارەکانیان دابڕێژنەوە.

ت- **زانست:** ئەم توێژینەوەیە دەبێت بەسەرچاوەیەکی زانستیی گرنگ لەبواری زمان و ڕاگەیاندن و دەشێت ناوەندە ئەکادیمییەکانی ئەو دوو زانستە سوودی لێوەربگرن و خوێندکاران و توێژەرانیش پشتی پێببەستن.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە چەند ئامانجێکی هەیە، لەوانە:

1- دەستنیشانکردنی ڕۆڵ پاشان لێکەوتەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لەسەر ناساندنی مانا زمانییەکانی هێماکانی هاتووچۆ لەلای شۆفێران.

2- زانینی ئاستی ئاشنایەتی شۆفێران بە هێما نازمانییەکانی ڕێگەوبان.

3- ئاشکراکردنی سەرچاوەی سەرەکی هۆشیاریی شۆفێران دەربارەی هێما نازمانییەکانی هاتووچۆ.

4- زانینی پێگەی جۆرەکانی ڕاگەیاندن، وەك سەرچاوەی ناسینەوەی زمانی هاتووچۆ لە لای شۆفێران.

5- هەوڵدان بۆ گەیشتن بە هۆکار و پاڵنەرەکانی پشت تەماشاکردنی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەلایەن شۆفێران.

6- شیکردنەوە و خستنەڕووی مانا زمانییەکانی هێما نازارەکییەکانی هاتووچۆ لە سنووری کەلار.

**ڕێباز و ڕێکاری توێژینەوە:** لەڕووی ڕێبازەوە توێژینەوەیەکی (پەسنی-وەسفی)یە و ڕێکاری (شیکاریی) و (ڕووپێوکاری-Survey) تێدا بەکاهاتووە،یەکەمیان؛ بۆ شیکاری ناوەڕۆکی مانا و ئاماژەکانی پەیوەست بە هێمانازامانییەکانی بواری هاتووچۆ لە سنووری کەلار، دووەمیشیان؛ بۆ زانینی بۆچوونی ژمارەیەك لەشۆفێراندەربارەیڕۆڵی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان بە ئاشناکردنیان بە هێما نازمانییەکانی بواری هاتووچۆ لە سنووری جوگرافی توێژینەوەکە.

**ئامرازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا؛ لەپاڵ سەردانی مەیدانی توێژەران بۆ شەقامەسەرەکییەکانی هاتووچۆ لە شاری کەلار و وێنەگرتنی هێماکان و شیکردنەوەی مانای هێما نازمانییەکان، فۆرمیراپێوییش بەکارهێنراوە.

**کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوە:** کۆمەڵی شیکاریی ئەم توێژینەوەیە هەموو هێماکانی هاتووچۆ لە سنووری ئیدارەی گەرمیان پێکهاتووە و مشتەکەشی لە (26) هێما لە شەقامە سەرەکییەکان، کە بەڕێگەی(مشتەی پشکەکان) -(Quota Sample)وەرگیراون، هەروەها کۆمەڵی مەیدانی توێژینەوەکەش؛ لە هەموو شۆفێرانی هەڵگری مۆڵەتنامەی (تایبەت – گشتیی) لە ناوەندی ئیدارەی گەرمیان پێکهاتووە، مشتەکەشی بریتییە لە (506) شۆفێر بەجیاوازیبەردووڕەگەزی (نێر) و (مێ) لە قەزای کەلار، کە بەشێوەی هەڕەمەکی مەبەستدار وەرگیراون.

**سنووری توێژینەوە:** بریتییە لە سێ سنووری سەرەکی، بەمجۆرەی لای خوارەوە:

أ- **سنووری کات:** مانگەکانی تەمووز و ئاب لە ساڵی (2023) کە پشووی خوێندن و بەردەستبوونی بوارە بۆ ئەوەی زۆرترین چین و توێژ بە خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگەکانیشەوە کردەی شۆفێری ئەنجامبدەن.

ب- **سنووری شوێن:** بریتییە لە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان کە تێیدا ناوەندی قەزای کەلار وەرگیراوە.

**پ- سنووری مرۆیی:** لە هاووڵاتیانی کوردی ناوەندی قەزای کەلار پێکهاتووە بە جیاوازی تەمەن، ڕەگەز.

ت- **سنوری بابەت:** لەڕوویزمانەوانییەوە لە چوارچێوەی (زمانەوانی کۆمەڵایەتی - زمانەوانی کارەکی)دایە، بەڵام لەڕوویڕاگەیاندنەوە دەچێتە چوارچێوەی (ڕاگەیاندنی بینراو- بەرهەمهێنانی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی).

**دروستیی و جێگیریی:**توێژەران هەردووڕێکاری دروستیی و جێگیرییان بۆ دڵنیابوون لە لایەنی زانستیی پراکتیکنامەی توێژینەوەکەیان بەکارهێناوە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

1- **دروستیی:** بۆ زانینی ئاستی کارایی ڕاپێوبینامەی توێژینەوەکە، پرس و ڕاوێژ بە چەند پسپۆڕێکی بواری زمان و ڕاگەیاندن کرا* و تێبینی و سەرنجەکانیان لەسەر ڕاپێوبینامەکە جێگیرکرا و لەڕێگەی هاوکێشەی (هۆڵستی) ئەنجامی دروستیی فۆرمەکە بریتیی بوو لە (93.1%)، بەمجۆرەی خوارەوە:

هاوکێشەی هۆڵستی بۆ (دروستیی):

(کۆیگشتی بڕگە پەسەندەکان / کۆیگشتی بڕگەکان) * 100

(54 / 58)* 100= (93.1 %)

2- **جێگیریی:** بۆ دەرخستنی ڕادەی جێگیریی وەڵامی بەرتوێژان، پاش (10) ڕۆژ لە دابەشکردنی فۆرمەکان، بۆ جارێکی دیکە بەسەر (5%)-ی بەرتوێژان دابەشکرایەوە، کە دەکاتە (25) بەرتوێژ و پاشان لەڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی هۆڵستی دەرکەوت ڕێژەی جێگیریی بریتییە لە (81.03%) بەمشێوەیە:

هاوکێشەی هۆڵستی بۆ جێگیریی:

کۆی بڕگە لێکچووەکانی جاری یەکەم و دووەم / کۆی بڕگەکانی جاری یەکەم و دووەم) * 100

کەواتە جێگیریی: 47 / 58* 100 = (81.03%)

**توێژینەوەکانی پێشوو:**تاڕادەی ئاگایی توێژەران، هیچ توێژینەوەیەك لەم بوارە بەتایبەت بە زمانی کوردیی، ئەنجامنەدراوە.

## تەوەریدووەم:لایەنی تیۆریی توێژینەوە(هێما نازمانییەکان و بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان)

### یەکەم: پرۆسەی پەیوەندیکردن و هێما نازمانییەکان

- چەمک و پێناسەی پەیوەندیکردن (Concept and Definition of communication)

((بنچینەیدەرکەوتنی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (Communis)-ی لاتینی، کە بە واتای بەشدارییکردن لە بیروڕاو قسەکردن، یان ڕاوێژکردن، یان دیاریکردنی بڕیار دێت)).(Harms:38،1974).پەیوەندیکردن، واتە:((هاوبەشیکردن لە زانیاریی یان گۆڕینەوەی زانیاریی و هەست و سۆز و ئاراستە)).(محمد صیرفی:١٤,٢٠٠٦). بەمشێوەیە پەیوەندیکردن پێواژۆی هاوبەشیکردن یان تێگەیشتن لە بارەی شتێك یان بیرۆکە و هەست و ئاراستەو ڕەفتارێک یا زانیاریی و شارەزایی دەگرێتەوە، کە قسەکەر و گوێگر لەسەری ڕێککەوتوون، لێرەدا پەیوەندیکردن بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی ئاخاوتن دێت، لە کاتێکدا ئاخاوتنیش بەهۆی زمان ئەنجامدەدرێت، ئینجا زمانی گۆکراوبێت یان گۆنەکراو. کەواتە: ((ئەرکی پەیوەندیکردن سەرچاوەی هەموو ئەرکەکانی دی

---

***ناوی هەڵسەنگێنەرانی فۆرمیراپێوی بەپێی پلەی زانستییان:**

1- پ.د. دارا حمید محمد - پسپۆری زمانی کوردی - کۆلێجی پەروەردە - زانکۆی گەرمیان.

2- پ.ی.د. شێرکۆ جبار محمد – پسپۆڕیڕاگەیاندن - کۆلێجی تەکنیکی کارگێریی - زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

3- پ.ی.د. تریفە عمرئەحمەد- پسپۆری زمان - کۆلێجی زمان - زانکۆی سلێمانی.

زمانە، ئەگەر بێتو لە ئەرکە جیاجیاکانی زمان وردبینەوە، دەبینین پەیوەندیکردن هاوبەشی هەموو ئەرکەکانی ترە و زمانیش ڕۆڵی باڵای تێدا دەگێڕێت)) (ئازاد ڕەمەزان عەلی، ٢٠٠٥، ٦٣).

وشەی پەیوەندیکردن واتای زۆر و فراوان لەخۆدەگرێت، لە زۆربەی بوار و کایەکانی ژیان بەکاردەهێنرێت، هەر بۆیە لە لێکۆلینەوەکاندا گەلێک پێناسە و لیکدانەوەی جیاواز لەمبارەیەوە بەرچاو دەکەوێت: لای (Fatimayin)، پەیوەندیکردن: ((بوارێکی لێکۆڵینەوەیە گرنگییە گواستنەوە و پەخشکردنی زانیارییەدات، دەکرێت هەر بوارێکی جیا بگرێتەوە، کە پەیوەندی بە گواستنەوەی زانیارییەوە هەبێت، وەک ڕیکلامکردن، پەیوەندییە گشتییەکان، ڕاگەیاندن یان رۆژنامەکان)).

(شۆخان محمد حمەکریم،٢٠٢٣،٣) ئەم پێناسەیە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە پەیوەندیکردن کردەیەکی ڕۆژانەی مرۆڤە بە ڕێگای جیاجیا لە ژیانیدا ئەنجامیدەدات و هەریەک لەو بوارانەش بەتایبەتی ڕاگەیاندن زمان لە پرۆسەی پەیوەندیکردن بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بە جەماوەر.

(ریچاردز)یش، دەڵێت: ((پەیوەندیکردن کاتێک ڕوودەدات کە بیرێک کاریگەریی لەسەر بیرێکی دیدەبێت، بەمەش شارەزاییەک لە هۆشی وەرگر دروستدەبێت، لەو شارەزاییە دەچێت کە لە هۆشی نێرەر دایە)). (شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٩، ٢١).

پەیوەندیکردن: ((بریتییە لە پرۆسیسی گواستنەوەی پەیام لە لایەن نێرەرەوە بۆ وەرگر،بەمەرجێک وێکچونێک لە نێوان واتای وەرگرو واتای نێردراوی نێرەردا بە دیبکرێت)).(رحیم سورخی،٢٠٠٥، ٧).

پەیوەندیکردن: ((پرۆسەی گواستنەوەی واتایە لە ڕێگای ڕەمزەوە، هەر کاتێک تاکەکانی کۆمەڵ بە هۆی ئەو ڕەمزانەوە مامەڵە لەگەڵ یەک بکەن ئەوا بە پرۆسەی پەیوەندیکردن هەستاون)).(حسن محمد خیرالدین: ١٩٧٠, ٢٣٠)

پەیوەندیکردن، پەیوەستە بە بەکارهێنانی پێڕەوێکی هێمایی هاوبەش، کە هەڵگری واتان بۆ شتە دیریکراوەکان و لەلایەن کۆمەڵگاوە ناسراون، هەروەها پەیوەستە بە ئاڵوگۆڕکردنی واتا کە تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆی ئەو کۆدانەی لەسەری ڕێککەوتون و ڕاهاتوون، بیرۆکە و زانیارییەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن، تاوەکوو تێگەیشتن لە نێوانیان دروستبێت، بەمەش کاریگەریی و کاردانەوە لەو پەیوەندیکردنە بەرجەستە دەبێت.

**● شێوەکانی پەیوەندیکردن لە ڕووی دەربڕینەوە:**

ئامانجی سەرەکی کردەکانی پەیوەندیکردن گواستنەوەی مانا و زانیاریی و پەیامەکانە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، کە مرۆڤ لە ڕێگەی هێما زمانی و نازمانییەکان (ئاخاوتن، نووسین، وێنە، ئاماژە و نیشانە)وە بەجێیاندەگەیەنێت.لێرەدا شێوەکانی پەیوەندیکردن لەڕووی دەربڕینەوە دەخەینەڕوو:

**1- پەیوەندیکردنی زمانی (گوتەیی) (Verbal Communication)**

((ئەمجۆرە پەیوەندیکردنە، کە ( زارەکی)شی پێدەوترێت، یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە بەرز و نایابەکانی مرۆڤ، کە وشەکان لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە دەردەبڕێن،کە بە کۆمەڵێک واتا بارکراون، ئەمەش تەنها لە توانای مرۆڤدا هەیە، ئەم چالاکییە بە ئەنجام بگەیەنێت، وشە دەربڕاوەکان یارمەتیمرۆڤ دەدات گوزارشت لە بیرە ئاڵۆزەکانی بکات، هەروەها یارمەتیدەرێکی باشی گواستنەوەی هەست و سۆزی بیروبۆچونەکانی مرۆڤ دەدەن)) (خلیل، ١٩٩٣،٧١) لەمشێوە پەیوەندیکردنەدا وشە دەربڕاوەکان لە ڕێگەی قسەکردنەوە یان نووسینەوە دەنوێنرێن، واتە نێرەر پەیامەکانی لە ڕێگای زمانی درکاو (گوتراو) یان زمانی نووسین (وێنەی دەنگ) دەگەیەنێت بە وەرگر، کەواتە مرۆڤ چ بەهۆی بەکارهێنانی دەنگەکانەوە بێت یان بەبێ دەنگ و بەشێوەی نووسین، وشە، فرێز و رستە لە شێوەی هێمای زمانی بەکاردەهێنێت، هەروەک (پێرسۆن) لەمبارەیەوە، دەڵێت: ((نووسین و قسەکردن هەردوو پشت بە زمان دەبەستن))(pearson,J., 2003, 7) ، پەیوەست بەم

توێژینەوەیە، پەیوەندیکردنی زمانی (گوتەیی)، جگە لەو وێنە هێماییانەی کە وشەی ئەکرۆنیمیان تێدا بەکارهێنراوە، وەکوو ئەکرۆنیمی (H) کە بۆ مەبەست و مانای (Hospital - نەخۆشخانە) بەکاردەهێنرێت و ئەکرۆنیمی (P) بۆ مەبەست و واتای (Parking - شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل) بەکاردەهێنرێت، پەیوەندییان بە هێماکانی هاتووچۆوەهەیە، هەرچی هێمای وێنەیی دیکە هەیە دەچنەچوارچێوەیهێما نازمانییەکان و پەیوەندیکردنی ناگوتەییەوە.

**2- پەیوەندیکردنی نازمانی (ناگوتەیی ) (Non Verbal Communication)**

شێوەی دووەمی پەیوەندیکردنە کە لە زمانی کوردیدا (نازارەکیشی) پێدەوترێت، لە ڕووی مێژووییەوەلە پەیوەندی زمانی (گوتەیی) کۆنترە، بنچینەی درووستبوونی زمانە هەموو پرۆسەکانی لەیەکگەیشتن دەگرێتەوە، کە ناکرێت بە قسەکردن ونووسین دەربڕین یان بارودۆخ لە بارنییە بۆ دەربڕینیان بەنووسین و قسەکردن، گوێگر لەمجۆرە پەیوەندیکردنەدا بەزۆری پشتدەبەستێت بە هەستی بینین و شیکردنەوەی بە یاسا کۆمەلایەتییەکان و دەروونییەکان. دەکرێت بڵێین، پەیوەندیکردنی ناگوتەیی: ((بریتییە لە گواستنەوەی پەیام بێ ئەوەی زمان بەکاربهێنرێت، واتە وشەو دەنگ تیایدا بەکارناهێنرێت، بەڵکوو پەنا دەبرێتە بەر شێوازی ئاماژە و هێماکاری و زمان و چاو و جەستەیە کە دوور لە دەربڕینی زمانی کاردەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا؛ مەبەست لەمجۆرە بەکارهێنانە ڕاپەڕندنی هەمان ئەو ئەرکانەیە کە زمانی ئاخاوتن ئەنجامیان دەدات)).(شنە ئەبوبەکر ئەحمەد، ٢٠٠٨، ٢٢)، هەروەها (Bridwhistell) ئاماژە بەوە دەکات کە ((پەیوەندیکردنی نازارەکی هەموو شتێک دەگەیەنێت جگە لە ئەو زمانەی ئێمە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تردا بەکاریدەهێنین)). (Manusov, 2016,1).((لێرەدا مەبەست لە هەموو ناوەندەکانی گواستنەوەی واتایە،جگە لە کەناڵەکانی قسەکردن و وشەکان، ئەمەش تێڕوانینێکی گشتی و بنەماییە بۆ کردەی پەیوەندیکردنی نازارەکی، واتە بۆ گەیاندنی پەیامەکان و ڕاپەڕاندنی هەمان ئەرکی زمانی ئاخاوتن و نووسین پەنا دەبرێتە بەر زمانی ئاماژە، کە جووڵەی دەست و چاو و ڕووخسارو تەواوی جەستە دەگرێتەوە، هەروەها پەنا دەبرێتە بەر هێما وێنەییەکان، کە هەمان کاری ئاخاوتن و نووسین دەکەن، یان پەنا دەبرێتە بەر ڕەنگەکان، کە هەمان کردە جێبەجێ دەکەن، کردەی گەیاندنی نازمانی ئەو نیشانە و ئاماژە وێنانەن کە کۆمەڵ پەسەندیکردوون بۆ لەیەکترگەیشتن بەکاریاندەهێنێت، مەرجی نیشانە و ئاماژە و وێنەکان ئەوەیە تێگەیشتن هەبێت و ڕێککەوتنی کۆمەڵی لەسەر بێت)). (محەمەد مەحوی، ٢٠٠٩، ٥٤)، پەیوەست بەم توێژینەوەیە، زۆرینەی زۆری هێما نازمانییەکانی هاتوچۆ بەشێوەی هێمای وێنەیی دەنوێنرێن و دەچنە چوارچێوەی کردەی پەیوەندیکردنی ناگوتەییەوە.

**3- شێوەی پەیوەندیکردنی هاوبەش (partner communication)**

یەکێکی ترە لە شێوەکانی پەیوەندیکردن، کە پەیوەندیکردنی تێکەڵیشی ( Mixed Communication) پێدەوترێت، تێیدا هاوبەشانی پرۆسەکە لە یەککاتداهەردوو شێوەی پەیوەندیکردنی گوتەیی و ناگوتەیی بەکاردەهێنن، واتە: ((یەکێکیان بەتەنها بەس نییە بۆ گەیاندنی مەبەستەکە، بەڵکوو زمانی (نووسین و ئاخاوتن) و وێنە بە یەکەوە دەتوانن کردەکە بگەیەنن، ئەمەش لە ئێساتی زماندا زۆر بایەخدارە بەتایبەت لە زمانی نووسین و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بەشی زۆری بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەنا بۆ ئەم جۆرەی کردەی پەیوەندیکردن دەبەن)) (شنۆ عەولا حەمەدئەمین، ٢٠٢٣، ٨٠)

## بنەماکانی پەیوەندیکردن( The principles of communication)

چەند بنەمایەکی سەرەکی لە کردەی پەیوەندیکردن ڕۆڵدەبینن، بەبێ ئەم بنەمایانە، پێواژۆی پەیوەندیکردن پێکنایەت، لە توێژینەوەکاندا چەندین دابەشکاری جیاواز دەبینرێت لەبارەی ژمارەی

بەشداری توخمە سەرەکییەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن، پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکەمان ئەم بنەمایانەی لای خوارەوە بە پەسەند دەزانین، کە بریتیین لە:

1- **نێرەر (Sender):** نێرەر بە ڕەگەزی یەکەم و بنچینەییترین ڕەگەزی پێواژۆی پەیوەندیکردن دادەنرێت، ئەو کەسەیە یاخوود ئەو سەرچاوەیە کە هەڵدەستێت بە ناردنی بیرۆکە و زانیاریی لە میانەی ئەو پەیامەی، کە ئامادەی کردووە ئاراستەی وەرگری دەکات، نێرەر ڕەنگە کەسێکی ئاسایی یان مەعنەوی بێت، واتا: (دامودەزگا، دامەزراوە، وەزارەت،...هتد)، پرۆسەی پەیوەندیکردن لەلای نێرەر بە بیرۆکەیەک (Ideat)دەستپێدەکات و پاشان بە گۆڕینی بۆ پەیامێک کە بەشێوەی هێمای زمانی (وشە، فرێز و ڕستە) یان بەشێوەی هێمای نازمانی: (نیشانە، وێنە ، ئاماژە جەستەییەکان و پارازمانییەکان ) ئاراستەی وەرگری دەکات.

2- **پەیام (Message):** پەیام لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت، ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە نێرەر مەبەستێتی بیگوازێتەوە بۆ وەرگر، واتا ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە، کە نێرەر لە ڕێگای هێماکانەوە گوزارشتیان لێدەکات، بۆ کەسانی تر. دەشێت ئەو بابەتانەش هێمای زمانی(زارەکی)بن، وەک: ئاخاوتن یان وێنەی دەنگی بن، وەک: نووسین، یان هیمای نازمانی(نازارەکی) بن، وەک: ئاماژەکردنی جەستەیی، نیشانە و وێنەی هێمایی، یانیش تێکەڵاوبن لەو هەموو شێوانە، هەڵبەتە بۆ ئەوەی پەیامەکە کاریگەریی دروستبکات و پرۆسەی پەیوەندیکردنەکە بەردەوام وچالاک بێت، پێویستە قەبارەی زانیارییەکانی پەیام، گونجاوبێت لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیریی و کەلتووریوەرگر.

3- **وەرگر (Receiver):** وەرگرڕەگەزێکی گرنگی پێواژۆی پەیوەندیکردنە، بەو کەسە دەگوترێت، کە پەیامەکە وەردەگرێت، دەشێت کەسێک بێت یان کۆمەڵێک، یاخوود جەماوەرێک بێت، چالاکبوونی پەیوەندیکردنەکەی لەسەر وەرگر وەستاوە، لە ڕێگای یەکێک لە هەستەکانییەوەهێماکە وەردەگرێت و لێکیدەداتەوە و شیدەکاتەوە و هەوڵی تێگەیشتنی واتاکانی دەدات. بەواتایەکی تر، ئەنجامی سەرەکی پەیوەندیکردن لای وەرگر دەبێت، چونکە پێواژۆی پەیوەندیکردن کاتێک سەرکەوتوو دەبێ، کە وەرگر بەباشی لە مەبەستی پەیامەکە تێبگا و شیکردنەوەی بۆ بکات، بەپێچەوانەوەپرۆسەکە سەکەوتوو نابێت.

4- **کۆد (Code):**((کۆد زاراوەیەکی زانستیی هێما و هێمادانانە، نێرەر واتاو بیرەکەی دەکات بە فۆرم و دەینێرێت بۆ وەرگر، وەرگریش کۆدەکە شیدەکاتەوە و لێکیدەداتەوە)). (محەمەد مەحوی: ٢٠٠٩، ١٣٨)، واتە کۆد ((پەیڕەوێکی هێمایی هاوبەشە لە نێوان ئاخێوەر وگوێگردا، کە واتاو زانیارییەکانی هەڵگرتووە، بۆیە ئاخێوەر بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامەکەی پێویستی بەو کۆدانە هەیە بۆ ئەوەی پەیامەکەی وەربگێڕێتە سەر شێوەی ئەو کۆدانەی، کە لەگەڵ گوێگرەکەدا هاوبەشە، بەشێوەیەکبێت گوێگر بتوانێت تێیان بگات، دوای وەرگێڕانی پەیامەکە بۆ سەر کۆد، هەمان ئەو زانیاریی و مەبەستەی ئاخێوەر کە لە چوارچێوەی کۆدەکەدا ڕێکیخستوون، دەگاتە گوێگر. بەبێ کۆد پەیامەکە ناگاتە گوێگر و لێکنادرێتەوە، هەر لە ڕێگای کۆدیشەوە مەبەستی ئاخێوەر لای گوێگر ئاشکرا دەبێت و یارمەتی گەیاندنی زانیارییەکان دەدات، بۆ تێگەیشتنی گوێگر لەو پەیامەی، کە ئاخێوەر مەبەستێتیبیگەیەنێت، سەرکەوتنی پرۆسەکەش بە ڕێژەی سەرەکی پشت بەو پێڕەوە هاوبەشەی نێوان

هاوبەشەکانی پەیوەندییەکە دەبەستێت، ئەم کۆدانەش پەیوەندی گوتەیی و ناگوتەیی دەگرێتەوە، ئەگەر پەیوەندییەکە زارەکی بێت، کۆدەکان دانە زمانییە هاوبەشەکانی نێوان هەردووکیان دەبێت، کە لەناو کۆمەڵگادا لەسەری ڕێککەوتوون، چ زمانی ستانداردبێت یان زاری پیشەیی، کۆمەڵایەتی، ..هتد، بێت، ئەگەر پەیوەندییەکەش نازارەکی بێت ئەوا کۆدەکان ئەو هێما و ئاماژە و پەرەزمانیانەن، کە دەبێت هەردوو لەیەک شارەزای بن)).( بەدرخان سلێمان ئەلی:٢٠١٥، ١٢)

5- **کەناڵی پەیوەندیکردن (Communication Chanel):** ئەو ئامرازەیە، وەک پردی پەیوەندی، پەیام یاخوود هێما هەڵگرەکانی واتا، لە نێرەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ وەرگر. کەناڵەکان بەپێی ناوەندی گواستنەوەیان چەند جۆرێکن، وەک:

- کەناڵی دەنگی: لە ڕێگەی دەنگەوە دەبێت، ئینجا دەنگی ڕاستەوخۆ گۆکراو یان تۆمارکراوبێت.
- کەناڵی نووسراو: زمانی نووسراو بەکاردەهێنرێ بۆ گواستنەوەی ڕەمز و واتا و هێماکان، وەک: (ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب، و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چاپەمەنییەکان).
- کەناڵی وێنەیی: تیایدا نووسراوە هەڵواسراوەکانی سەر دیوار، تابلۆکان، نەخشە، هوشیارکردنەوەی وێنەیی... هتد.
- کەناڵی جووڵەیی: تیایدا زمانی جووڵە بەبێ گۆکردنی دەنگ بەکاردەهێنرێت، ئەمەش چەند جۆرێک لەخۆدەگرێت، گرنگترینیان ئاماژەکردن، نیشانەکان، ئاماژەی دەست و پەنجەکان، شێوەی ڕۆشتن و ڕاوەستان...هتد)، هەروەها زمانی هەڵچوونە فسیۆلۆژییەکان، وەک: جووڵەکانی ڕووخسار و شێوە و لۆچەکانی ڕووخسار و سەیرکردن، توڕەیی، پێکەنین، گرژی برۆکان...هتد).

6- **کاردانەوە- پاشخان (Feed back):** کاردانەوەی ئەرێنی وەرگرە لەسەر پەیامی نێرەر، واتە؛ پەسەندکردنی پەیامەکە یان ڕەتکردنەوەی، کاردانەوەکەش بە شێوەی خێرا یان لەسەرخۆ دەبێت، چونکە پەیوەستە بە ئاستی تێگەیشتنی وەرگرەوە. بەمشێوەیە هەمو ئەو بنەمایانە، لە پرۆسەی پەیوەندیکردنێکی سەرکەوتوو لە نێوان تاکەکاندا بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن. سەرباری ئەمانەش شارەزایی لە شێواز و دەربڕینی کەلتوور و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، کاریگەرییان لەسەر درووستکردنی ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی گونجاو هەیە. (داستان وصابر مامە: ٢٠٢١، ٦٦-٦٧).

## ● چەمک و پێناسەی هێما: (The concept and Definition of symbol)

((هێما وەک زاراوە (symbol)، بنجی ڕاستی وشەکە لە کاری (symballein) گریکییەوە وەرگیراوە، کەبە مانای هاوبەشی و یەکگرتنی دوو شتە لە یەک ڕووانگەدا (Symbolon) بە واتای: نیشانە، دروشم، ڕەمز، هێما دێت)).(عەباس ساڵح عەبدوڵلا، ٢٠١٥، ١١٧).((لە زمانی ئینگلیزیدا بە (symbol) و لە فەرەنسیدا بە (symbole) ناوهێنراوە، لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (الرمز) بەکارهێنراوە. لە سەرەتادا هێما لە بواری پزیشکی بەکارهات، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و پشکنین لە نەخۆشییەکان چەند نیشانەیەکیان دیاریکرد، کە هێما بوون بۆ جۆرێک لە نەخۆشی، بۆ نموونە: سوور هەڵگەڕان هێمایە بۆ بوونی تا، یان زەرد هەڵگەڕان هێمای جۆرێک لە نەخۆشییە، هەروەها هێما زاراوەیەکی فەلسەفی و لۆجیکی بوە، دواتر لە بوارەکانی تر پەرەی پێدراوە و گوازراوەتەوە بۆبواری

زمانەوانی و ئەدەب، لە ئێستادا هەموو ئاستەکان و بوارەکانی ژیانی تەنیووە. لە زمانی کوردیشدا؛ هەر یەک لە زاراوەکانی: (هێما، سیمبوڵ، نیشانە، ڕەمز، سیمیۆلۆژیا) بەرامبەر بە (symbol) هاتووە، ئەم فرە زاراوەیەی هێما هەم لە زمانی کوردی و هەم لە زمانی نەتەوەکانی تر دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی لە بوارە جیاوازەکاندا، وەک: (فەلسەفە، زمانەوانی، ئەدەب، پزیشکی، تەکنەلۆجیاو...هتد)، بۆ نموونە لە بواری زمانەوانیدا زیاتر مامەڵە لەگەڵ زاراوەی هێمادا کراوە، بەڵام لە بواری پزیشکی بە نیشانە دادەنرێت، هەرچی بواری ئەدەبە ئەم زاراوانە (ڕەمز، هێما، سیمبوڵ، سیمبۆڵیزم، سیمۆلۆژیا، نیشانە، جەڤەنگ) بەکاردەهێنێت)). (شنۆ عەوڵا حەمەد ئەمین:٢٠٢٣، ٥). لەبواری زمانەوانییدا؛ کۆدەنگییەکی زۆر لە لای توێژەر، نووسەر و ئەکادیمیستەکانەوە بۆ زاراوەی هێما هەیە، هەر بۆیە ئێمەش بۆ توێژینەوەکەمان زاراوەی هێما بە پەسەند دەزانین.

یەکەمین کەس لە ئاستی زماندا لە بارەی هێماوە دوابێت، ئەرستۆیە، دەڵێت: ((وشەکان هێمان بۆ واتای شتەکان، وشە وتراوەکان هێمان بۆ دۆخی دەروون، وشە نووسراوەکانیش هێمان بۆ وشە وتراوەکان)) (هەژار فەقێ سلێمان: ٢٠٢٢،٧) بەمپێیە ئەرستۆ هێما پەیوەست دەکات بە هزرەوە، پێیوایە کە مرۆڤەکان لە بیر و هزریاندا هێما درووستدەکەن و دایدەڕێژن،هێمای زمانی، وەک هێمایەک بۆ بیر داناوە، هێمای بۆ وشەکان و گەیشتن بە واتا داڕشتوە. هەروەها پەیوەستکردنی هێما بە واتاوە و بوونی واتا لە هێمادا بە نرخی وسەنگی هێماکان دادەنرێت،((ئەگەر هێمایەک واتای نەبوو هێما نییە، هیچ نییە، جگە لە فۆرمێکی بەتاڵ)).(سلیمان ئیبراهیم محمد:٢٠١٤، ٧). لێرەدا هێما پەیوەندیدار دەکرێت بە واتاوە، ئەگەر لە هێمادا واتا بەدینەکرا ئەوە بە هێما دانانرێت.

((ئەو پەیوەندییەی لە نێوان فۆرم و واتادا هەیە، وەکوو دوو ڕوویەکدراون و ناتوانن لەیەک جیابکرێنەوە، هەر بۆیەش ئەم دوو زاراوەیە لەیەک جیا نابنەوە و بە جیابوونەوەیان هێماکە نرخەکەی وندەکات. کەواتە فۆرم و واتا بە هەردووکیان هێما پێکدەهێنن و پەیوەندییەکی بەهێز بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە بە جۆرێک باس لە هەریەکەیان بکەین ئەوەی تریان ڕادەکێشێت، فۆرم بە تەنها نرخی نییە، ئەگەر واتای نەبێت گوزارشتی لێبکات)).( عەبدولواحد موشیر دزەیی:٢٠١٥، ٢٣-٢٤)

هێما بەمشێوەیەش دەناسێنرێت: ((هەر بابەتێک کردەیەک، ڕووداویک،... واتا بگوازێتەوە، یان ئاماژە بدات بەوەی ئەم بابەتە، ئەم ناوەرۆکەی هەیە، بە هێما دانراوە، یاخود هێما دروشمە، ئاگادارکردنەوەیە، بانگەشەیە بۆ ئەو نەواخنە زانیارییەی دەیگەیەنێت)) (شیلان عومەر حسەین: ٢٠١٥، ٢٩٤) ئەم پێناسەیە گونجاوە و تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی هەر دوو جۆری هێمای زمانی و هێمای نازمانی لەخۆبگرێت و ئامانج بپێکێت بەوەی توانیویەتی ئەرک و مەبەستی بەکارهێنانی هێما لە پێناسەکەی ڕەنگبداتەوە، واتە هێما بە بابەتێک دادەنێت کە کردەوەیەک یان ڕووداو و واتا بگوازێتەوە یان بە دروشم و ئاگادارکردنەوە و بانگەشە داناوە، ئەگەر ئێستا لە دۆخی هێماکان بڕوانین، ئەرکێکی زیاتر لەوەی هەیە دەبینین، هێماکان لە زۆربارداا دروشمن، بۆ نموونە کاتێک هێمای تەرازووی یەکسان لە دادگاکان دەبینین، ئەمە درووشمی یەکسانی پیشاندەدات، یاخود هێمای ستۆپ لە ریگاکانی هاتووچۆ یان ئەو هێمایانەی لە شوێنە مینڕێژکراوەکان بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە دانراون، یان ئەو هێمایانەی، کە کۆمپانیا گەورەکان بە مەبەستی بازرگانی

بەکاریدەهێنن، بۆ نموونە هێمای وێنەی سێو، وەک لۆگۆیەک لەسەر زۆربەی ئامێری موبایلی زیرەک و کۆمپیوتەر و تیشێرت.... بە بانگەشە دادەنرێن.

لە پێناسەیەکی تری هێما (رمزی منیر)، دەڵێت: ((هێما یەکەیەکا زمانییە باراپتر پەیڤە، ئاماژەیێ ب تشتەکی ددەت و چێدبیت هێما نە زمانی بیت، ژبەرهندێ هندەک زمانڤانان زاراڤێ هێمایا زمانی و نەزمانی بکاردهینن)) (هەژار کەمال یوسف:٢٠١٨، ٣) لێرەدا جەخت لەوە کراوەتەوە، کە هێما یەکەیەکی زمانییە و زیاتر بە ڕێگای وشە دەنوینرێت، هەروەها دەکرێت هێما نازمانیش بێت، هەر بۆیە هەندێک لە زمانەوانان لە توێژینەوەکانیاندا زاراوەی زمانی و نازمانی بەکاردەهێنن.

- **جۆرەکانی هێما لەڕووی زمانەوانییەوە (Types of Symbol regards to Linguistics)**

لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا جۆرەکانی هێما لە ڕووی زمانەوانییەوە دابەشکراون بەسەر دوو جۆردا، ئەوانیش: هێمای زمانی (گوتەیی - زارەکی) و هێمای نازمانی ( ناگوتەیی - نازارەکی)ین.

**1- هێمای زمانی (گوتەیی- زارەکی): (Verbal Symbols):**

هێما زمانییەکان بە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرز و ناوازەکانی مرۆڤ دادەنرێت، ئەم تایبەتمەندییە وایکردووە کە زمانی مرۆڤ جیابێتەوە لە زمانی گیانلەبەرانی تر، هەموو زمانەوانەکانیش لەسەر ئەو رایە کۆکن کە زمان بریتییە لە پیرەوێکی هێمایی، کە هەڵگری بیرۆکە و واتایە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن و لەیکگەیشتن بەکاردەهێنرێت.

لێرەدا مەبەست لە هێمای زمانی ((ئەو هێمایانەیە، کە ئەندامەکانی ئاخاوتن بەشداری لە پێواژۆی بەرهەمهێنانی دەکەن و بە ڕێگەی گوتن و نووسین بەرجەستە دەبێت، تەواوی یەکەکانی زمان دەگرێتەوە کە بریتین (لەو فۆرمانەی هەڵگری واتان و بەکارهێنانیان هەیە، وەک:فۆنیم، مۆرفیم، وشە، گرێ، ڕستە، گوتن، دەق، ئاخاوتن. لەو جۆرە هێمایانەدا؛ پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا پەیوەندییەکی لێکچوون نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکی ڕێککەوتنی کۆمەڵاتییە، ئەگەر ڕێکەوتن نەبووایە، ئەوا لە هەموو زمانەکانی جیهان یەک فۆرم بەرامبەر یەک واتا دەبوو، وەک دەبینین لە هەر زمانێک فۆرمێک دانراوە، وەک: فۆرمی (دەرگا) لە زمانی کوردی، لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەرەکەی (باب)ـەو لە زمانی ئینگلیزیدا؛ بەرامبەرەکەی (Door)ـە، شرۆڤەکردنی ئەم هێمایانە پێویستی بە شارەزایی و فێربوونە)). (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٥، ٣١). لەبەرئەوەی کرۆک و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە جەختکردنە لە هێما نازمانییەکان، بۆیە توێژەران بە پێویستی نازانن زانیاریی زیاتر لەسەر هێمای زمانی بخەنەڕوو.

**2- هێمای نازمانی (ناگوتەیی - نازارەکی): (Non-Verbal Symbols)**


هێمانازمانی بەو هیمایانە دەگوتریت، کە لە ناوەرۆکدابیرۆکەیەکیان هەلگرتووە، وەک پەیامێک بۆمەبەستی لەیەکترگەشتن بەکاردەهێنرێت، بەبێ ئەوەی هیچ ئەندامێکی ئاخاوتن بەشداریی لە پێواژۆی بەرهەمهێنانیاندا بکات، کە پێکهاتوون لە: (نیشانە، وێنە،ئاماژەو زمانی جەستە)،ئەم هێمایانە ڕێککەوتنی کۆمەڵیان لەسەرە، لە نێوان فۆرم و واتاکانیاندا پەیوەندی لیکچوون هەیە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ناگۆڕێت و هەمان شیکردنەوە و شرۆڤەیان هەیە.

هێمای نازمانی، ((بریتییە ژ ئەوان هێمایان کو پەیامکێ دگەهێنن، بێیکو زمان بهێتە بەکارهینان، واتە پەیڤ و دەنگ تێدا ناهێنە بکارهینان، بەڵکوو پشت بە ستنی لەسەر شێوازی(ئاماژە، وێنە، نیشانە، زمانی جەستە) کو زمان تێدا چالاک نینە، بەلێ ئەو ئەرێ زمانێ ئاخافتنی ئەنجام دەدەت، ئەڤ جۆرە هێمایە ژی ئەوی ئەرکی دبینیت)).(دلڤین مقداد:وەرگیراوە لە هەژار کەمال:٢٠١٨، ٧)، لەم پێناسەیە جەخت لەوەکراوەتەوە کە هێمای نازمانی لە کۆمەڵێک هێما پێکهاتووە کە پەیامێک دەگەیەنن،بێ

ئەوەی هیچ دەنگ و وشەیەک (زمانی زارەکی) بەکاربهێنرێت، بەڵکوو زیاتر پەنا دەبرێتەبەر (ئاماژە، وێنە، نیشانە و زمانی جەستە).
((هێمای نازمانیی، ئەو نیشانەو ئاماژە نازمانیانەن، کە کۆمەڵ پەسەندیکردون و بە مەبەستی لەیەکتر گەیشتن بەکاریاندەهێنێت، وەک: (گۆپی هاتووچۆ، وێنە، پەنجە بەرزکردنەوە، سڵاوکردن، سیمای دەموچاو، شێوازی ڕاوەستان...هتد)). (محەمەد مەحوی:٢٠٠٩،٥٤).
لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ هێما هەبووە و بەکاریشی هێناوە بۆ لەیەکتر گەیشتن، بەپێی گریمانەی پەیدابوونی زمان بێت، ئەوا یەکێک لە گریمانە دیارەکان گریمانەی بزاوتنە، کە مرۆڤ پێش ئەوەی قسە بکات بە هۆی لەقاندنی سەر و جوڵاندنی دەستەکانی و چاو ترووکان... هتد پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەی کردووە، لەمبارەیەوە هەندێک لە شارەزایان، لەوانە: (ڤۆنت، پیاجە، مار) پێیانوایە: ((هێمای نازمانی سەرەتای زمانی قسەکردن بووە، تائێستاش ئەم جووڵە و بزاوتنانەی، وەک : پەنجەڕاوەشاندن، سەرلەقاندن، چاوترووکاندن، لێوگەستن، لەگەڵ زمانی ئاخاوتن بەکاردەهێنرێن)). (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١،١٦)، کەواتە لە رووی مێژوویییەوە ((بەکارهێنانی هێما نازمانییەکان لە زمانی گۆکراو (هیما زمانییەکان) کۆنترە، بەبەڵگەی ئەوەی جگە لە گریمانەی پەیدابوونی زمان لە ڕێگەی بزاوتنەوە، هەروەها کردەی پەیوەندیکردنی نازمانی لە ڕێگەی هێماکانەوە بۆ چەرخە کۆنەکان و سەرەتای درکپێکردنیمرۆڤی سەرەتایی دەگەڕێتەوە، بە نموونەی گەلی سۆمەرییەکان، بە یەکێک لە کۆنترین نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوی دادەنرێن، وەهادادەنرێت لە نەتەوەکانی چیاکانی کوردستانن، بە مەبەستی پەیوەندیکردن و لەیەکگەشتن، بە هێمای وێنەیی گوزارشتیان لە کار و پێویستیەکانی خۆیان کردووە. بە بەڵگەی ئەو وێنانەی، کە لە ئەشکەوتەکان هەن، گوزارشت لەمجۆرە هێمایانە دەکەن، کە بۆ شتەکانی دەوروبەریان و بە مەبەستی پەیوەندیکردن بە کاریانهێناوە. بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین: هێمای نازمانی یەکێکە لە کۆنترین و سەرەتاییترین جۆری هێما، کە مرۆڤ لەوەتەی هەیە بۆ دەربرینی هەستەکان و پێداویستییەکانی بەکاریهێناوە)). (داستان صابر مامە، ٢٠٢١، ٧١).
جۆرێک لەو دابەشکاریانەی کە بۆ هێمای نازمانی کراون، ((بریتین لە هێمای سروشتی ( Symbol Nature) و هێمای مرۆیی (Symbol Humanism)، کە بە هێمای نائیرادی و هێمای ئیرادی ناودەبرێن.

1 - هێمای سرووشتی: مەبەست لەو هێمایانەیە، مرۆڤ ڕۆڵی لە دروستبوونیان نییە، ئەو هێمایانەن، کە سرووشت بەرهەمیان دەهێنێت، سرووشتینو بەرهەمهێنانیان پەیوەندی بە خودی مرۆڤەوە نییە، وەک: هەورە بروسکە و دەنگی باران، خشپەی گەڵاڕێزان، هاژەی ئاو، شەپۆل، ئەمانە لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤن، مرۆڤ هیچ توانستێکی لە بەرهەمهێنانی ئەمجۆرە هێمایانەدا نییە. واتا هێمایەک کە مرۆڤ توانای بەرهەمهێنانی نەبێت بە هێمای سرووشتی دادەنرێت.
2 - هێمای مرۆیی: گشت ئەو هێما دەستکردانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانیان هەیە، وەک: دەنگی هۆرن، فیکە، زەنگ، هێماکانی هاتوچۆ، پەیکەر، وێنەکێشان، نەخشە و هێماکانی سەردەشپولی ئۆتۆمبیل، هێماکانی ئاگادارکردنەوەی مەترسیدار، هێماکانی نیشاندەری ناوچە گەشتیارییەکان و چەندانی تر، سەرجەمی ئەمانە لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤدان، دەشێت و گونجاوە هزری مرۆڤ هەموو هێماکان بناسێتەوە و بیانزانێت یاخود لە ڕێگەی فێربوونەوە شارەزایان بێت)). ( شنۆ عەولا :٢٠٢٣،٦٠).

وێنەی (1): جۆرەکانی هێما نازمانییەکانپیشاندەدات.




پەیوەست بە کاری ئەم توێژینەوەیەوە کارکردنمان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هێما مرۆییە دەستکردەکانەوە هەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە هێماکانی هاتووچۆ، جۆرێکن لە هێمای وێنەیی، هێما وێنەییەکانیش(Icon)، هاوشێوەی نیشانە و ئاماژە و جووڵە جەستەییەکان جۆرێکن لە هێما نازمانییەکان، کە دەتوانرێت واتا، مەبەست و پەیامی لێباربکرێت، گرنگییەکەش زیاتر لەو ساتەوەختەدا دەردەکەوێت، کە دەوروبەرەکە گونجاو نییە، ناکرێت و ناگونجێت بە نووسین و قسەکردن پەیام و مەبەستەکە بگەیەنرێت، هەر بۆیە بە ڕێگای هێمایەکی وێنەیی دەتوانرێت زۆرترین واتا بە کەمترین کات بگەیەنرێت،وەک لە هێما نازمانییەکانی هاتووچۆو ڕێگاوبانەکان دەبینرێن.

ئەگەر تەماشای ئەم وێنەی هێمایەی هاتووچۆ لە خوارەوە بکەین، کە مەبەستی سەرەکی ئەوەیە (لێخوڕینی ماتۆڕ قەدەغەیە)، جگە لە وەی وێنەکە گوزارشت لە ڕستەیەک دەکات، لە هەمانکاتدا کردەیەکی گەیاندووە، زیاتر لە پەیامێک دەگەیەنێت، کە هەم ئاگادارکردنەوە، هەم قەدەغەکردن، هەم فەرماندانده‌بینرێت، بێ ئە[illegible] کردەیەکی ئاخاوتن و گفتوگۆ و نووسین ڕوویدابێت، زانیاریی تەواو دەستدەکەوێت [illegible] انەوێت بە (هێمای زمانی) پەیامەکە بگەیەنین، ئەوا پێویستمان بە چەندین [illegible] دەبێت، واتە بۆ گەیاندن و تێگەیشتن لەم کردەیە کات و وزەی زیاترمان پێویستە، هەر بۆیە تایبەتمەندییەکی هێما نازمانییەکان ئەوەیە، کە خێرایە لە کردەی گەیاندن و ئابوورییکردن لە زمان بەهۆی بە فیڕونەدانی کات و وزە لە ناردنی پەیام و کردنەوە و شیکردنەوەی پەیام لە لای وەرگر.

(2): چەند کردەیەك لەڕێگەی هێمایەکی نازمانیی پیشاندەدات.




## • جۆرەکانی هێمای نازمانی (Types of non-verbal symbol):

هێما نازمانییەکان پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە، لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا، ئەمەش وایکردووە بەچەند شیوەیەک دەربکەون و پۆلین بکرێن، ئەوەی کە لە بواری زمانەوانی و فەلسەفەدا باوترە و جەختی لێدەکرێتەوە.

(چارلز ساندرا پێرس - Charles sandres peirce) جۆرەکانی بەم شێوەیە دابەشکردووە::

1- هێمای وێنەیی (Icon).
2- هێمای نیشانەیی (Index).
3- هێمای ڕەمزی (Symbol)، (peirce: 1931, 1.372)

دابەشکارییەکی ترکراوە لەلایەن توێژەران (شنۆ عەوڵا حەمەدئەمین) لە تێزی دکتۆراکەی بە ناونیشانی: (هێمای وێنەیی و کاریگەریی لە کردەی گەیاندندا) و توێژەر (سەنگەر عەوڵا ڕەحمان:٢٠٢٣،٧٤) لە نامەی ماستەرەکەی لە ژێر ناونیشانی: (هێما نازمانییەکان لە پەیوەندییە وەرزشییەکاندا:٢٠٢٣، ٥٢):

1- هێمای وێنەیی.
2- هێمای نیشانە.
3- هێمای ئاماژەیی.

ئێمە پۆلینی ئەم توێژەرانە بە گونجاو و پەسەندتر دەزانین، چونکە هەرسێ جۆرەکە کە ئاماژەی پێکراوە، هێما نازمانییەکان پێکدەهێنن، کەچیلە دابەشکارییەکەی (پیرس)، ڕەمز، وەک جۆرێک لە هێما هاتووە، کە زیاتر دەچێتە چوارچێوەیهێمای زمانیی، نەک هێمای نازمانی.
پەیوەست بە توێژینەوەکەی ئێمەوە، لەبەرئەوەی زۆرینەی زۆری هێماکانی هاتوچۆ لە ڕێگاوبانەکان بە شێوەی وێنە پیشاندەدرین، لە چوارچێوەی هێماناسیدا بە هێمای وێنەیی(Icon) ناودەبرێن، هەر بۆیە لە توێژینەوەکەمان زیاتر لەسەر ئەم جۆرەیان دەوەستین، لەبەر سنورداری توێژینەوەکەمان بە پیویستی نازانین باس لە دوو جۆرەکەی تری هێمای نازمانیی(ئاماژە و نیشانە) بکەین، ئەگەرچی چەند هێمایەکی هاتووچۆمانهەیە، وەک شاوور و جوڵەی دەستەکانی کارمەندی هاتووچۆ، کە لە ڕێگاوبانەکان بەکاریاندەهێنن، وەک هێمای ئاماژە بەکاردەهێنرێن، هەروەها گڵۆبەکانی ترافیک، بۆ نموونە گڵۆپی سور نیشانەی ڕاوەستانە(ستۆپ)ی ئۆتۆمبیلە، گڵۆپی سەوز نیشانەی رۆشتنە، گڵۆپی زەردیش نیشانەی هۆشیاریی و ئاگاداربوونە، بەڵام ژمارەیان کەمە و سنوردارە، زۆرینەی زۆریان لە هێمای وێنەیی پێکهاتوون.

- **وێنە، وەک جۆرێک لە هێمای نازمانی**

وێنە ئەو زمانە بێدەنگ و بێ بزاوتەیە، کە مێژویەکی زۆر دێرینی هەیە، لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە، بۆدەربڕینی هەست و سۆز و بیرو بۆچوونەکان بەکارهاتووە، کە ئەوکات مرۆڤەکان لەسەر بەرد و ناو ئەشکەوتەکان نەخشاندوویانە، بۆ نموونە: ((لە بری وشەی پیاو، وێنەی پیاوێک دەکێشرا، یاخوود لە بری ئەوەی بنووسرێت دوو ڕۆژ، وێنەی دوو خۆر دەکێشرا)) (ڕێبین ڕەسوڵ و دیار عەزیز، ٢٠٠٤، ٢١٤)،واتە مرۆڤ پێش ئەوەی هێمای نووسین (ئەلفوبێ) دابهێنێت هەست و سۆز و بۆچونەکانی بە هێمای وێنەیی، وەک هێمایەکی نازمانی بە دەوروبەرەکەی گەیاندووە.
وێنە لە کردەی پەیوەندیکردن بە هۆکارێکی گرنگ و پربایەخی گەیاندنی واتا و پەیامە جۆراوجۆرەکانی لە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆییدا دادەنرێت، بە جۆرێک وێنە وایلیهاتووە لە هەندێک بواردا لە جیاتی زمان قسەدەکات و بە هاوتای زمان دادەنرێت، لە هەندێک بارودۆخ ئەوەی زمان ناتوانێت دەریببرێت، وێنە بە زوویی پەیامەکە دەگەیەنێت، هەروەک (کۆنفۆشیۆس - فەیلەسووفی چینی)، دەڵێت: ((وێنەیەك بەرامبەر بە هەزار وشە دەوەستێت))(عامر إبراهيم قندلجيو،١٩٩٦،٢٠)، وێنەلەپاڵهێمای زارەکیدا دەتوانێت پەیامەکان خیراتر بگەیەنێت، لە کردەی بیرهێنانەوەشدا؛ بەهەمان ئاراستە کاردەکات، خێراتر زانیارییەکان بیردەخاتەوە، ئەمەش بەتایبەتمەندییەکی وێنە دادەنرێت، کە هیچ لە کۆدەکانی تر ناتوانن بەمشێوەیە خێرابن لە گەیاندن و بیرخستنەوەی زانیارییەکان. پەروەردەکاری ئەمریکی (جیرۆم بۆنەر) دەریخستووە ((خەڵکی تەنیا لە ١٠٪ی ئەو شتانەیان لە بیرە کە دەیبیستن و ٣٠٪ی ئەوەی دەیخوێننەوە، ٦٠٪ ئەوەی دەیبینن)) (ڕێگر محمد سليم و ئەوانی تر، ٢٠٢١، ٦٠). بەهۆی سانایی گواستنەوەی پەیام و زوو بەدەستەوەهاتنی واتای پەیام لە ڕێگەی وێنەوە، وایکردووە ببێتە رەگەزێکی بنەڕەتی و گرنگی کاری ڕاگەیاندن و رۆژنامەگەریی و کەرتی پەوەردە و فێرکردن، چونکە وێنە کاریگەریی زۆری لەسەر گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ بینەر هەیە، بەتایبەتی لە بواری سیمانتیکدا، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت،

کە وێنە ناچێتە ناو خانەی مەبەستزانییەوە، وێنە ئەگەر ببەسرێتەوە بە دەوروبەر، وەک هێماکانی تر، واتاکەی دەگۆڕێت بۆ واتای پراگماتیکی.
وێنەش دەبێت بە چەند جۆرێکەوە: ((وێنەی ڕاستەقینە، وێنەی هۆشەکی، وێنەی وەسفی)) ئەمانەیش چەند لقێکیان لێدەبێتەوە کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین. سوود وەرگیراوە لە (سەنگەر عەبدوڵلا ڕەحمان، ٢٠٢٣، ٨٢-٩١) و (داستان صابر مامە، ٢٠٢١، ١٥١-١٥٧).

## جۆرەکانی وێنە:

1- **وێنەی هۆشەکی**: جۆرێکی تری وێنەیە، کە مێشکی هەر مرۆڤێک بە پێی ڕادەی تێگەیشتن و زانیاریی و ئەزموونی خۆی شیکردنەوەی بۆ وێنەکە دەکات، چونکە ئەمجۆرە وێنەیە بەرجەستە ناکرێت و ڕاستەقینە نییە، لە کەتوار(واقع) و دەوروبەرمان هەستی پێناکەین، واتە بۆ تێگەیشتن لە وێنەی هۆشەکی، دیدگا و شرۆڤە و شارەزایی و پاشخانی کەسەکان ڕۆڵی هەیە بۆ گەیشتن بە واتا و مەبەست، بۆ نموونە کە دەڵێین: (برایەتی، مرۆڤایەتی) ئەوا هەر وەرگرێک بە گوێرەی ئەزموون و تێگەیشتن و زانیاریی وەرگر وێنەیەکی هۆشەکی(زەینی) لە مێشکی درووستدەبێت.

هەندێک وێنەی هۆشەکی هەیە،کەسانی ئاسایی زۆرجار لێی تێناگەن یاخود بە ئەستەم لێی تێدەگەن، بۆیە زۆرجار پێویستیان بە ڕوونکردنەوە و شرۆڤەکردن هەیە لە لایەن کەسانی ترەوە، تاوەکوو لە زمانی وێنەکە بگەن.ئەمیش دەبیت بە دوو جۆر:وێنەی تابلۆی هونەری و وێنەی کاریکاتێر.
آ- وێنەی تابلۆی هونەری: واتا لەم جۆرەی هێمای وینەیی کەمێک ئاڵۆزە، چونکە وێنەکە هەڵقوڵاوی هەست و سۆز و دیدگای هونەرمەندەکەیە، بۆ تێگەیشتنی تەواو لە وێنەکەپێویستەشارەزای هەست و سۆز و دنیابینی هونەرمەندەکە بێت، لەبەرئەوەی وێنەکە بەدەست دەکێشرێت، بۆیە تابلۆکە کەمێک لە وێنە حەقیقییەکە دووردەکەوێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لێکچوونلەنێوان فۆرم و ناوەڕۆک لەم هێمایەدا بوونی هەیە.
ب- وێنەی کاریکاتێر: ئەو وێنانەیە کە بە شێوەی ڕەخنەو گاڵتەئامێز لە ڕووداویک یان دیاردەیەک یان کێشەیەک دەدوێت، یان لایەنە شاراوەکانی شتێک لە ڕێگایهێمای وێنەییەوە دەخاتەڕوو.

وێنەی (3): جۆرەکانی هێمای وێنەیی هۆشەکی پیشاندەدات




وێنەی کاریکاتێر



وێنەی تابلۆ (عومەری کوری خاوەر)

2- **وێنەی پەسنی (وەسفی):** ئەم جۆرە وێنەیە، باس لە کەسێک یان شتێک دەکا لەڕێگەی وەسفی وردەوە، ئەویش بە دەرخستنی سیماکانی کەسەکە یان شتەکە، نێرەر بە کەسی وەگر(گوێگر، خوێنەر) دەناسێنێت، تاوەکو ئەم شتە زیاتر لای وەرگر ڕوون و ئاشکرابێ، لێرەدا وەرگر وێنەیەک لە هزری درووستدەبێت، وەکو ئەوەی وایە خۆی کەسەکە یان شتەکەی بینی بێت. ئەم جۆرە وێنەیە جگە ل پەسنی ئاسایی نێوان کەسەکان، زیاتر لە بواری ئەدەب بەکاردێ، بۆ نموونە: ( گۆران)ی شاعیر لە وەسفی خۆشەویستەکەی دەڵێت:

قژ کاڵی لێو ئاڵی پڕشنگی نیگا کاڵ
ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێ ئاڵ

لێرەدا شاعیر پەسنی ئەو کچە دەکا، لە ڕێگەی پیشاندانی سیمای، ڕەنگی پرچی، لێوی ئاڵی و گۆنای نەختێ ئاڵ..هتد. بە جۆرێک وێنەیەکی پەسنی ڕوون و ئاشکرا لە هزری گوێگر درووستدەکات.

3- **وێنەی ڕاستەقینە:** ئەو وێنانەن، کە هەستپێکراون و لە دەوروبەرماندا هەن، ئەم وێنانە لە واقیع بونیان هەیە، بەرجەستە دەکرێن، وەک:(دار، بەرد، خانوو،...تاد)، هەموو ئەمانە ئاماژە بۆ شتێکی بەرجەستەکراو دەکەن، جیان لە وێنە هۆشەکییانەی لە ڕێگەی هۆش و مێشکی مرۆڤەکان لێکدەدرێنەوە و نابەرجەستەن، وەک: (ئاشتی، جوانی، مرۆڤایەتی...تاد) هێمای وێنەیی ڕاستەقینە تاڕادەیەک پەیوەندی لێکچوون لەنێوان فۆرم و واتاکەی (هێما و هێمابۆکراو) هەیە. واتە: ((لەم جۆرە هێمایەدا لە نێوان (شت)ێک و واتاکەیدا لێکچوونهەیە)). (کۆرش سەفەوی:٢٠٢٠، ٢٢)

کە ئەمەیشیان سێ جۆری لێدەبێتەوە: وێنەی فۆتۆگرافی، وێنەی نەخشەیی و وێنەی هێمایی.
هێمای وێنەیی چەندین لقی لێدەبێتەوە، لەوانە:

ا- وێنەی فۆتۆگرافی: ئەمجۆرە وێنەیە گوزارشتکردنە لە گواستنەوەی واقعی ڕووداوەکان و دیمەنەکان، کە تێیدا وێنەی کاری ڕۆژانە و بابەت و هەواڵ و زانیاریی و وێنەی کەسی دەگرێتەوە،تارادەیەک خاوەن زمانێکی سادە و ساکارن، واتاکانیان بەشێوازیکە خوێندەوار و نەخوێندەوار لێیتیدەگەن، وەک ئەو وێنانەی کە لە لایەن وێنەگرێکەوە دەگیرێت، بۆ نموونە وێنەی قەڵای شێروانە دەگیرێت، دەبینین لێکچوون لە نێوان وێنە و قەڵاکە هەیە.

ب- وێنەینەخشە:((ئەم جۆرە وێنەیە لە شێوەی هێمابەکاردێت، وەک ئەو وێنانەی، کە زیاتر لە بواری جوگرافیا، بیرکاری و ئەندازە و...هتد بەکاردەهێنرێت، بە نموونەی نەخشەی خانوو)).(عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٥، ١٧٤).

ج- وێنەی هێمایی: نموونەی ئەم جۆرە هێمایە، وەکوو هێماکانی هاتووچۆ و قەدەغەکردنی جگەرەکێشان و هێمای شوێنی مینرێژکراو...هتد، وێنەیهێمای هاتووچۆکە هێمایەکی نازمانییە، بابەتی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە، کە بواری پراکتیکی و ئامانجی توێژینەوەکەیە.

وێنەی (4): جۆرەکانی هێمای وێنەی ڕاستەقینە پیشاندەدات





وێنەی هێمایی     وێنەی نەخشەیی     وێنەی فۆتۆگرافی(قەڵای شێروانە)

**●وێنەی هێماکانی هاتووچۆ، وەک جۆرێک لە (هێمای وێنەیی - هێمای نازمانی)**


لە هەموو جیهان هاتووچۆی ڕێگەوبانەکان لە ڕێگەی (هێڵ) و (هێما) ڕێکخراون و بە زمانی ڕێگەوبانەکان ناسراون، یەکەمیان؛ هەموو ئەو هێڵانە دەگرێتەوە لەسەر ڕووی شەقامەکان بە ڕەنگ

و شێوەی جیاواز کێشراون، دووەمیشیان؛ بریتیین لەو تابلۆیانەی، کە لەسەر ڕێگەوبانەکان هەڵواسراون و دیسان گوزارشت لە گەیاندنی پەیامی جیاجیا دەکەن.

هێماکانی هاتووچۆلە کۆمەڵێك هێڵ و تابلۆی ئەندازەیی شێوە و ناوەڕۆك جیاواز دەكات، کە گوزارشت لە پابەندێتی بە مامەڵە و جۆری لێخوڕین بە پێی سروشت و هەڵکەوتەی جوگرافی ئەوڕێگەیە بۆ لێخوڕین دەکەن، کە لەسەری دانراون. شۆفێران بەڕێگەی جیاواز ئاشنایەتی لەگەڵ پەیامی نێو تابلۆکان پەیدا دەکەن و لەپێناو هاتووچۆیەکی تەندرووست پێوەی پابەندن.

((لە دیاریکردنی هێڵ و هێماکان چەندین ڕەنگ بەکاردەهێنرێت، کە دەتوانین بڵێین زیاتر بووەتە زمانێکی جیهانی، بۆ نموونە ڕەنگی سوور بۆ وەستان و قەدەغەی وەستان، ڕەنگی زەرد بۆ گەیاندنی پەیامی هۆشداریی، ڕەنگی سەوز بۆ تێپەڕبوون بەئاراستەی جووڵەی هاتووچۆ، هەروەها ڕەنگە زەرد و سەوزی فلۆرسێنت تایبەت بەپەڕینەوەی پیادە و ناوچەی قوتابخانەکان، ڕەنگی قاوەیی بۆ شوێنی پشووی گشتی و شوێنەکانی جێبایەخی ڕۆشنبیریی، هاوکات ڕەنگی پرتەقاڵی بۆ ئاماژەکردن بەوەی کە ناوچەی کارکردن لەسەر ڕێگا و پێدانی پەیامی ئاگادارکردنەوە هەیە و ڕەنگی زەردیش بۆ پێدانی زانیاری گەشتیاری و ڕێگەی چۆڵ)). (هند حسام، موقع المرسال، 2022).

بەشێك لە هێماکان بەشێوەی ستوونی بەرز لە کەنار شەقامەکان هەڵواسراون، لەهەندێك شێوەی ئەندازەیی پێکهاتوون، هەر شێوەیەکیان گوزارشت لەبارودۆخێکی هاتوچۆیی دیاریکراو دەکات، هەربۆنموونە زۆرجار نیشانەی بازنە بۆ قەدەغە و سێگۆشە بۆ ئاگاداریی و هۆشداریی و لاکێشە بۆڕێنمایی و ئامۆژگاریی بەکاردەهێنرێت.

هێماکانی هاتوچۆ زۆرینەیان هێمای نازمانین، بەشێکی کەمیان هێمای زمانین، کە بە ڕێگەی کورتکردنەوە (ئەکرۆنیم) درووستدەبن، بۆ نموونە  ئەگەر لەسەر جادە و ڕیگاوبان بوو، ئەوا بەواتای شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبیل (Parking) دێت، ئەگەر ئەم هێمایە لە ناو دەشپوڵی ئۆتۆمبیل بوو ئەوا بە واتای ڕاکێشانی هەندڵ برێک (Hand brake) دێت. هێماکانی هاتوچۆ بە شێکیان بە پیتی ئینگلیزیی نووسراون، ئاماژەن بۆ شوێنە ئاماژە پێکراوەکان، بەشێکی تریان ژمارەیان لەسەرە، هەندێکیان نووسین و هەندێکیان بە وێنەو ئاماژە مەبەستەکان ڕووندەکەنەوە، هێما نازمانییەکانی هاتووچۆ خاوەنی چەندین تایبەتمەندین.

لەم توێژینەوەیەدا؛ کار لەسەرهێماکانی هاتووچۆ بەتەنها دەکرێت و هەوڵدەدرێترۆڵی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی پەیوەست بە بواری هاتووچۆ لە کەناڵە ئاسمانییەکان لەڕوونکردنەوە و گەیاندنی پەیامی زمانییان بە شۆفێران بخرێتەڕوو.

**تایبەتمەندیی هێما نازمانییەکانی هاتووچۆ**

١- ((هێماکانی هاتووچۆ، لەیەککاتدا، هەم نێرەرن، هەم پەیام)) (ئاوات ئەحمە، ٢٠٢٠، ١٠)

٢- ((هێما نازمانییەکانی هاتووچۆ، هێمای مرۆیین، واتە مرۆڤ درووستیانی کردوە و دایهێناوە، وەک گڵۆبی ترافیک، کە ڕێکەوتنی کۆمەڵی لەسەرە، ڕەنگی سوور بۆ ڕاوەستانە، ڕەنگی زەرد بۆ هۆشیارکردنەوە و ئاگاداربوونە، ڕەنگی سەوز بۆ ڕۆشتنە.

٣- هێماکانی هاتووچۆبەشێکی زۆر کەمیان هێمای زمانین، وەک: (هێماکانی کورتکردنەوە - ئەکرۆنیم)، زۆرینەی زۆری هێمای نازمانین و مەودایەکی فراوانتریان هەیە.

٤- هێما نازمانییەکانی هاتووچۆ خاوەن زمانێکی تارادەیەک سادە و ساکارن، واتاکانیان بەشێوازیکە کەسانی خوێندەوار و نەخوێندەوار تاڕادەیەکی زۆر لێیان تێدەگەن، بەڵام بەشێکیان تەنها کەسانی پسپۆری بوارەکەی خۆیان لێیان تێدەگەن، بۆ کەسانی ئاسایی پێویست بە ڕوونکردنەوە دەکات، تاوەکوو لە زمانی وێنەکە بگەن.

٥- هێماکانی هاتوچۆ، بە ڕێگەیەکی باشی ئابووریی زمانی دادەنرێن، چونکە تەنیا یەک هێما، چەندین زانیاریی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بەشێک لە زانیارییەکان لە خودی هێماکەوە وەردەگیرێن، بەشێکی تریان بەگەڕانەوە بۆ دەوروبەر دەستدەکەون)). (سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە).

٦- ((لیکدانەوە و شرۆڤەکردنی هێماکانی هاتووچۆلای هەموو کۆمەڵێک وەک یەکە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ناگۆڕێت، بۆ نموونە وێنەی هێمای پەڕینەوە لە جادە لای هەموو کەسێک هەمان شتە، یان هەمان لێکدانەوەی بۆ دەکرێت وهەمان واتا دەگەیەنێت)).( شنۆ عەبدوڵلا:٢٠٢٣، ٦٢)

٧- ((لە بەکارهێنانی هێماکانی هاتووچۆدا، ڕەنگی سەرەکی ڕەنگی سورە، ئەمە لە کاتێکدا ڕەنگەکانی شێن و سەوزیش بەکاردێن، بەڵام بەگشتی ڕەنگی سوور زیاتر پشتی پێدەبەسترێت. ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت، کە ڕەنگی سوور ڕەنگێکە ئاماژە و واتای مەترسیدار لە خۆیدا بەرجەستە دەکا و بەهۆی شەبەنگی شەپۆلەکانی لە ماوەی دوورتر لە ڕەنگەکانی تر دەبینرێت، بە مەبەستی هۆشیارکردنەوە لە ڕووداو و کارەسات و پاراستن و سەلامەتی بەکاربهێنرێت)).(داستان صابر مامە، ٢٠٢١، ١٥٩)

هێماکانی هاتووچۆ، لەگەڵ ئەوەی کردەی گەیاندنی زانیاریی دەگرنە ئەستۆ، لەهەمانکاتدا هەڵگری پەیامی فەرماندانن، چونکە بە جێبەجێنەکردنیان و سەرپێچیکردنیان، شۆفێر ڕووبەڕووی ڕووداوی نەخوازراو و هەندێ جار پێبژاردن دەبێتەوە. (سەرچاوەی پێشوو، ١٦٠)

هێما وێنەییەکانی هاتووچۆ توانیویانە ببنە جێگرەوەی هێمای زمانی، واتە: دەتوانن بێ بوونی ڕۆڵی زمانی گوتراو و نووسراو گوزارشت لە زۆر مانا و مەبەست بکەن. وەک وێنەی هێمای وریاکردنەوە، هێمای قەدەغەکردن، هێمای پابەندبوونی پێشڕەویی، هێماکانی خزمەتگوزاریی، هیمای گلۆپی دشبوڵ لە ناو ئۆتۆمبیل.

٨- لەمجۆرەهێمایەدا؛ پەیوەندی لە نێوان فۆرم و واتا پەیوەندییەکی لە خۆوە نییە، جۆرێک لێکچوون لە نێوانیان هەیە.

## جۆرەکانی هێمای هاتوچۆ

هێماکانی هاتوچۆ بەشێوەیەکی گشتی بۆ هێماکانی ڕێکخستن، وریاکردن و ڕێنیشاندەر دابەشدەبن:(بەختیار محمد عبداللە: ماڵپەڕی سولی ترافیك، 2016).(داستان صابر مامە، ٢٠٢١، ١٦٠-١٦٤) بڕوانە تەوەری سێیەم بۆ وێنە و مانا و مەبەستی ئەم جۆرە هێمایەنە، کە لە شەقامە سەرەکییەکانی شاری کەلار گیراون و کاری پراکتیکی توێژەرانە.

**یەکەم: هێماکانی ڕێکخستن**

((ئەمجۆرە هێمایانە تێبینیدەدەن بە بەکارهێنەری شەقام دەربارەی یاساکانی هاتووچۆ لە ناوچەیەکی دیاریکراو.پشتگوێخستن و ڕەفتارکردنی شۆفێربەپێچەوانەی ئەو هێمایانە، لەوانەیە ببێت بەهۆی درووستبوونی ڕووداوێکی هاتووچۆ)). (FHWA:2022, 16).

هێماکانی ڕێکخستنی هاتوچۆ بەمجۆرە دابەشدەبن:(بەختیار محمد عبداللە، سەرچاوی پێشوو، هەمان مێژوو).

أ- **هێماکانی قەدەغەکردن**، دەناسرێنەوە بەوەی کە: شێوەیان بازنەییە، تەختی هێماکان ڕەنگیان سپییە، چوارچێوەی هێماکان ڕەنگیان سوورە و وێنە یاخود ئاماژەکانی ناو هێماکان بە ڕەنگی ڕەش دەنەخشێنرێت (بۆ نموونە هێمای وەستان و پارککردن قەدەغەیە).

**ب- هێماکانی پابەندبوونی پێشڕەویی:** ئەو هێمایانە دەگرێتەوە، کە فەرمانگەی هاتووچۆ ئاراستەی شۆفێرانی ئەکات و پێویستە پابەند بن پێیەوە بە پشتبەستن بە جۆر و کوالێتی ڕێگا و بانەکە و ئەو خێرایەی، کە بۆ شۆفێر دانراوە بە کیلۆمەتر لە هەر کاتژمێرێکدا.

**دووەم: هێماکانی وریاکردن:**

**1.هێمای سێگۆشە:**کاری ئەم هێمایانە وریاکردنەوەی بەکارهێنەرانی شەقامە لە ئەگەری بوونی مەترسی لەسەر ڕێگاوبانەکان، جیادەکرێنەوە بەوەی، کە شێوەیان سێ گۆشەیە، تەختی هێماکان ڕەنگیان سپییە، وێنە و ئاماژەکان ڕەنگیان ڕەشە و چوارچێوەی هێماکان ڕەنگیان سوورە.

**2. هێماکانی گڵۆپی داشبۆڵی ناو ئۆتۆمبیل:** ئەو هێمایانە دەگرێتەوە، کە بە ڕێگای وێنەی کەرەستەکانی ئۆتۆمبیل و گڵۆپی ڕەنگی سوور و زەرد، وەک: ئاگادارکردنەوە، وریاکردنەوە،پەیامبە شۆفێر دەگەیەنن لە بوونی کێشەی ئۆتۆمبیلەکە.

**سێیەم: هێماکانی ڕێنیشاندەر:**

ئەم هێما و تابلۆیانە زانیاریی دەدەن بە بەکارهێنەرانی ڕێگاوبان سەبارەت بە شوێن و ناونیشان و تۆڕی ڕێگاوبانەکانی شار و ناوچەکان. بەمجۆرەی خوارەوە دابەشدەبن:

1. ئەو تابلۆیانەی، کە لەڕێگا خێراکان دادەنرێن ڕەنگیتەختی ئەو تابلۆیانە (شین) یان (سەوز)، ئاماژەکانی ناوەوەیان ڕەنگیان (ڕەش)ـە، وێنەکانیان ڕەنگیان (سپی)ـە و تەختی هێما و تابلۆکان ڕەنگیان (سەوز)ـە.

2. ئەو هێمایانەی، کە لە ناوشار دادەنرێن شێوەیان یان چوارگۆشەیە یاخوود لاکێشەیە و لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر ڕەنگەکانی دەگۆڕێت.

3. هێمای خزمەتگوزاریی، ئەو هێما وێنەییانە دەگرێتەوە، کە ڕێنیشاندەریشۆفێراننبۆ گەیشتن بە شوێنە خزمەتگوزارییەکان، قەبارە و ڕەنگی ئەم هێمایانە جۆراوجۆرن.

4. هێماکانی ئاراستەکردن:ئەو هێمایانە دەگرێتەوە، کە زۆربەی جار ئاراستەی ڕێگەوبان بۆ شۆفێرانڕووندەکەنەوە، کە پێویستەبە کام ئاراستەدا پێشرەوی بکەن، ئەم هێمایانە بەشێوەی بازنەی هێڵی سپی و ناو بازنەی بەڕەنگی شین پڕکراوەتەوە و هێماکە بە ڕەنگی سپێ کێشراوە.

## گرنگی هێما نازمانییەکانی هاتووچۆ

شارەوانییەکان لە هەر وڵاتێك ئەندازیارێك یان تیمێك بۆ ڕووپێوکردنی ئەو جێگەیە ڕادەسپێرێت، کە تابلۆی هاتووچۆی تێدا دادەنرێت، لەگەڵ دیاریکردنی سوودی دانانی لەو جێگەیە، پاش ئەوەش ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار بۆ جێگیرکردنی وەردەگیرێت. ئەو هێمایانەش بەلای شۆفێران و هاووڵاتیان گرنگی خۆیان هەیە، دەکرێت لەچەند خاڵێك بخرێنەڕوو:(drive-safely, 2023)

1. ئاگادارکردنەوەی هەموو ئەوانەی ڕێگاکەبەکاردەهێنن بۆ دڵنیاکردنەوەیان، کە سەلامەتن لە بەکارهێنانیڕێگەکان و بەدوورن لە مەترسی و هەڵوێستە چاوەڕوانکراوەکان.
2. هاوکار دەبێت لە ڕێکخستنی جووڵەی هاتووچۆی نێوان ئۆتۆمبیلەکان، هەروەها ئەوانی تریش، کە ڕێگاکەبەکاردەهێنن، بۆنموونە: پیادەڕەوەکان و ماتۆڕسوار و دووچەرخەکان.
3. ڕۆڵی گرنگ لە کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی داخرانی ڕێگاکەو ڕووداوەکان هەیە.
4. پرۆسەی شۆفێری لەسەر ڕێگەکان ڕێکدەخات،جووڵەی ئۆتۆمبیلەکان لە یەکتربڕەکانیش ڕێکدەخات، هەروەها گرتنەبەری ڕێکاری گونجاو بۆ بەردەوامی جووڵەی ڕێگاوبان سەرباری ڕوودانی بارێکی دیاریکراو.
5. دەستەبەرکردنی سەلامەتیی بۆ پیادەکان و پارێزگاریکردن لێیان لەکاتی پەڕینەوەدا.

ئەوەی بۆ هاووڵاتیان گرنگە مانای هێماکان بزانن، تاوەکوو پارێزگاری لە سیستەمی هاتووچۆ بکەن لەکاتی پەڕینەوەیان یاخوود پەڕینەوەی ئۆتۆمبیلەکان.

## دووەم: بەرنامەی تەلەفزیۆنی

### ناساندنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی

((گوزارشتە لە بیرۆکەیەك، بەهۆیەوە بابەتەکان لەڕێگەی تەلەڤزیۆن، وەك ئامرازێکی میدیایی، کە پشت بە وێنەی بینراو و دەنگ دەبەستێت بەرهەمدەهێنرێت. ئەو بەرنامەیە دەکرێت تۆمارکراو،

ڕاستەوخۆ، فیلم یان کاسێتیش بێت، کە لە ڕێگەیەوە سەرجەم ڕەهەندەکانی بابەتەکە لەکاتێکی دیاریکراو باس دەکرێت)).(محمد منیر حجاب: 2004، 103).

هەندێکی تر دەیناسێنن بەوەی، کە ((بیرۆکەیەك یان کۆمەڵە بیرۆکەیەکە لە چوارچێوەی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی و بەبەکارهێنانی وێنە بەتەواوی وردەکارییە هونەرییەکانی و لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراو بەرهەمدەهێنرێت)).(فهد بن عبدالرحمن الشميري: 2010، 221).

بەپێیتێگەیشتنیتوێژەرانیش، بەرنامەی تەلەڤزیۆنی هەر بەرنامەیەکە (ڕاستەوخۆ، تۆمارکراو)، کە خاوەن سرووشتێکی (کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، ئابووریی، پەروەردەیی، وەرزشیی ..هتد)یە و لە ڕێگەی تەلەڤزیۆن پێشکەش بە جەماوەرێکی گشتی یاخوود تایبەتمەند دەکرێت و لەڕێگەی کاریگەریی دانان لەسەر لایەنی عەقڵی و ویژدانییان کار بۆ هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو دەکات و بۆئەوەش ڕەگەزە هونەریی و تەکنیکییەکان و کات ڕۆڵ دەبینن.

**تایبەتمەندی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی**

پسپۆران ئاماژەیان بەچەند تایبەتمەندییەك بۆ بەرنامەی تەلەڤزیۆنی سەرکەوتوو کردووە، کە بریتیین لە:(شهيناز فرحي، خوخة قبقوب: 2020، 21-22).

أ- توانای کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی پێویست لە سەرچاوە جیاوازەکان و بەرجەستەکردنی لە بەرنامەکە و لەپێناو هێنانەدی ئامانج.

ب- پابەندبوون بە بنەمای ڕاستگۆیی و وردی لە گواستنەوە و گەیاندنی زانیاریی درووست.

ت- ژیانکردن لەگەڵ واقیعی ژیانی کۆمەڵ و دابەزین بۆ نێو شەقامەکان و گرنگیدان بە بابەخبەندییەکانیان و ئەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕوویان بووەتەوە لەگەڵ دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان.

ث- نەرمی و ئاسانی کردەی هەموار و بەرفراوانکردن، بەومانایەی بتوانرێت لەکاتی پێویست گۆڕانکاریی بچووك و پێویست لە ناوەڕۆکەکەی بکرێت کاریگەریی دەنگی، وێنەیی و ئیدیتینگ..هتد بۆ زیادبکرێت.

ج- ئاسانی دیزاینکردن، ئەوکاتەی گرفتێگ بۆ بەرهەمهێنانی بەرنامەکە بەوشێوەی پلانی بۆ دانراوە دێتەپێش بتوانرێت بەئاسانی گۆڕانکاریی لە جۆری دەرهێنان و بەرهەمهێنانەکەی بکرێت، بۆئەومەبەستەش پێویستی بە هەبوونی دیزاینی جێگرەوە، کە لۆژیکی بێت و نەرمی تێدابیت هەیە، تاوەکوو بتوانێت بۆ چارەسەری گرفتەکە بکات، هەروەها بۆ پرۆسەکانی چاککردن و گەشەپێدانبەلای جێبەجێکار و دەرهێنەری بەرنامەکەوەئاسان بێت.

ح- توانا و لێهاتوویی، تایبەت بەو ستافە تەکنیکیی و هونەرییەی، کە بەرنامەکە بەرهەمدەهێنن، بتوانن لەماوەیەکی کەم بەرنامەکە ئەنجامبدەن و لەحاڵەتی هەر گرفتێك چارەسەری گونجاوبۆ بدۆزنەوە.

**ئامانج و ئەرکی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی**

بەرنامەی تەلەڤزیۆنی لەپێناو هێنانەدی چەند ئامانجێك لەلایەن کەناڵەکان بەرهەمدەهێنرێت.

**یەکەم: ئامانج:**(كاظم مؤنس 2008، 167).

1- هێشتنەوەی وەرگر بەدیار بەرنامەکە و کارلێککردن لەگەڵیدا.
2- چاندنی ئارەزووی گۆڕانکاریی لەلای وەرگر.
3- پێکهێنانی ئاراستەی جیاوازی هزریی و ڕەفتاریی.

4- گەیاندنی جەماوەر بە قۆناغی درككردن و هۆشیاریی تەواوەتی بە سرووشتی ئەو كێشەیەی دەخرێتەڕوو لەگەڵ جێگرەوەكان و هاندانیان بۆ ئەوەی ئەو بابەتە لە ڕیزبەندی بایەخەكانیان بێت.
5- چاندنی هەڵوێست و مامەڵەی باش بەهۆی هۆشیاربوون بە ئامرازە نوێیەكان.
6- یارمەتیدانی جەماوەر بۆ هەڵسەنگاندنی ئەزموونەكان و گەیاندنی بە قۆناغی بڕیاردان.

**دووەم: ئەركەكان:** (أفنان محمد شعبان: 2016، 33)

1- پێدانی زانیاریی بەجەماوەر كە دەكرێت سوودی لێببینێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو گرفتانەی ڕۆژانە دووچاری دەبێتەوە.
2- دروستكردنی خووی باش و تەندرووست بە تاك.
3- پێدان و ئاشناكردنی تاك بە كارامەییە بنەڕەتییە تەندروستییەكان كە بۆ ژیانی ڕۆژانەی پێویستن.
4- ڕاهێنانی تاك لەسەر بیركردنەوەی تەندرووست لەڕێگەی تێبینیكردنی ورد و ڕای گونجاو.

**جۆرەكانی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی**

سەرچاوە زانستییەكان چەندین پۆلێنیان بۆ جۆرەكانی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی خستووەتەڕوو.(سەربەست حسین قادر: 2023، 48-49)

1- بەرنامەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ:بابەتەكان لەبەرنامەكە بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەخرێنەڕوو و گفتوگۆیان لەبارەوە دەكرێت.
2- بەرنامەی گفتوگۆئامێز: سەرپێی و ئازادانە گفتوگۆی ئەو پرسانە دەكرێت، كە پێشكەشكار لەمیانەی بەرنامەكە دەیانوروژێنێت.
3- بەرنامەی گفتوگۆی توند و كۆڕ: گفتوگۆكان لەسەر تەوەری بەرنامەكە توندن و بەشداربووان زۆرجار بیروبۆچوونەكانیان پێچەوانەوە و دژە لەگەڵ یەكدی و بەرگری لە بۆچوونەكانی خۆیان دەكەن.
4- بەرنامەی گفتوگۆ: بەربڵاوترین جۆری بەرنامەی تەلەڤزیۆنییە و چاوپێكەوتنە لەگەڵ میوانێك یان زیاتر و بەگشتی لە (سێ) جۆر كورتدەبێتەوە: گفتوگۆی زانیاریی، ئامانج لێی دەستخستنی داتا و زانیارییە، گفتوگۆی كەسی تایبەت، تیشكخستنەسەر لایەنە جیاوازەكانی ژیانی كەسایەتییەك لەو ڕووەی، كە بەرنامەكە مەبەستیەتی، گفتوگۆی دیدوبۆچوون، ئامانج لێی زانینی دید و بۆچوونی كەسێكە لەسەر بابەت یاخوود پرسێكی دیاریكراو.
5- بەرنامەیكاتبەسەربردن و بەزمەسات: لەجۆرە بەربڵاوەكانی بەرنامەی تەلەڤزیۆنین و وتووێژەكان زیاتر بەمەبەستی كاتبەسەربردن و خۆشییەخشین بە وەرگران و بە خێرایی لە جووڵە و میوزیك و نواندن و پێكەنین دەناسرێت.

سەبارەت بە بەرنامەكانی پەیوەست بە بواری هاتووچۆ لە كەناڵە ئاسمانییەكان: توێژەران باوەڕیان وەهایە، كە جگە لە بۆتەی (كاتبەسەربردن و بەزمەسات)، دەكرێت لە ڕێگەی هەموو بۆتەكانی تر، كە ئاماژەمان بۆ كردوون بەرهەمبهێنرێت و بە لەبەرچاوگرتنی دیموگرافیای وەرگران و سرووشتی ناوەڕۆكی بەرنامەكە قاڵبێكی دیاریكراو بەكاربهێنرێت.

**پۆلێنكردنی بەرنامەتەلەڤزیۆنییەكان** (حميدي عاصف: 2004، 157)

- بەپێی بابەت: ئەو بابەتەی، كە لەبەرنامەكە گفتوگۆی لەبارەوە دەكرێت كۆمەڵایەتیی، سیاسیی، ئابووریی، هونەریی، ئایینی و زانستیی ..هتد.
- بەپێی ئەرك و ئامانج: بەپێی ئەو ئەرك و ئامانجەی بەرنامەكە هەیەتی، ڕەنگبێت بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی بێت، یاخوود بۆ ڕۆشنبیركردنی جەماوەر بەرامبەر بە پرسێكی دیاریكراو،

باوەڕهێنان بەجەماوەر بۆ کڕینی کاڵایەکی دیاریکراو، یان بۆ مەبەستی کاتبەسەربردن و خۆشییەخشین.

- بەپێی جەماوەر: جۆری بەرنامەکە پەیوەست دەبێت بەجۆری ئەو جەماوەرە مەبەست و تایبەتمەندیەی، کە بەرنامەکەیان پێشکەش دەکرێت، لەوانەیە بۆ منداڵان، ژنان، گەنجان..هتد بێت.
- بەپێی شێوەی بەرهەمهێنان: بەرنامەکە مافی بڵاوکردنەوەی بۆ کەناڵێکی دیاریکراوە، یاخوود کەناڵێکی دیکەش مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، یان بەهاوبەشی لەگەڵ وێستگەیەکی تری تەلەڤزیۆنی لە ناوخۆ یان دەرەوە بەرهەمهاتووە، یاخوود وەرگیراوە و لەناوخۆ پەخش دەکرێتەوە.
- بەپێی شێوە: مەبەست لە شێوە ئەو قاڵبەیە کە بۆ گەیاندن و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی بەرنامەکە بەکاردەهێنرێت، واتە:جۆری بەرنامەکە پەیوەستە بە پەیامە میدیاییەکەوە کە پێشکەش دەکرێت، بۆ نموونە: بڵاوکراوە، تێچینی هەواڵی، بەرنامەی گفتوگۆ، بەرنامەی هەمەڕەنگ، بەرنامەی تۆمارکراو، میوزیك.

**زمانی هاتووچۆ و بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی**

((کێشەی هاتوچۆ، کە ڕووبەڕووی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان بووەتەوە، لە بنەڕەتدا؛ بەشێکی سەرەکی پەیوەندیدارە بە ڕەفتاری تاك کە بە بەکارهێنەری ئۆتۆمبیل و ڕێگاوبانەکان دادەنرێت، ئەو ڕەفتارەش؛ لە ئاستی پابەندێتیان بە ڕێنماییەکانی ڕێکخستنی ڕێگەوبان و ئادابەکانی شۆفێریکردن بەرجەستە دەبێت. لەوەشەوە دەردەکەوێت کێشەی هاتووچۆ، کێشەیەکی ڕەفتارییە و دەتوانرێت لەڕێگەی پەروەردە و پێدانی ڕێنوێنی و ئامۆژگارییەوە ڕێکبخرێت)).(محمد سعد الدين بيان: 2010، 17).

هەندێك پەروەردەی هاتووچۆیی بە پەروەردەیەکی گشتگیر دەناسێنن و وەهای دەبینن، کە ((هەموو لایەنەکانی: (بیستن، بینین، جووڵەیی و کۆمەڵایەتیی) دەگرێتەوە. بەومانایەی کە پشت بە هەست، عەقڵ و ویژدان دەبەستێت، ئەوانەش پەیوەستن بە بەهاکان، کارامەییەکان، ئاراستەکان، زانین و چەمکەکان)).(درزي بن فيحان البقمي: 2012، 13).

هەرلەبەرئەوەش هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی شۆفێران بەرامبەر بە هەریەك لەو لایەنانە، کە ڕەفتاری ڕێکدەخات و پابەندی بە یاسا و ڕێنماییەکانی هاتووچۆ دەکات، کارێکی گرنگە و سەلامەتی گیانی خۆی و ئەوانیتریشی بەدوادادێت.

بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی بە شۆفێران دەڵێت، کە چۆن ڕێگەکان بەشێوەیەکی سەلامەت بەکاربهێنن، هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگی زانیارییشە لەبارەی کێشەکانی هاتووچۆ و گەیاندنیان لە ڕێگەی پەیامی میدیایی. لەگەڵ ئەوەش لە دەرگای بیرکردنەوەی شۆفێران دەدات و هۆکاری ڕووداوەکان و ڕێگەی باوەڕپێهێنەرانە بۆ دانانی کاریگەریی لەسەریان بەمەبەستی پابەندبوون بە سەلامەتی هاتووچۆ دەگرێتەبەر. هەموو ئەوانەش دەبن بە سەرچاوەیەکی کاریگەر بۆ ئاراستەکردنی شۆفێران بەرەو ئاراستەیەکی تەندرووست و تێگەیشتنیان لە زمانی ڕێگاوبانەکان و پابەندبوون پێیان یاخوود ڕاستکردنەوەی هەر مامەڵەیەکی ناتەندرووستیان لەگەڵ ڕێگەوبانەکان و پاراستنی سەلامەتی هاتووچۆ. (عامر سالم علي الحصينان:2023، 644).

توێژەران باوەڕیان وەهایە بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی، کە زۆرجار لەلایەن ئەفسەران لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پێشکەشدەکرێن، لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی هێماکان لە نێو ستۆدیۆ و بەبەکارهێنانی کاریگەرییە وێنەییەکان، یاخوود ئەو بەرنامانەی کە لەلایەن پێشکەشکارانی بەرنامەکانی هاتووچۆ

بەشێوەی مەیدانی و لەسەر ڕێگەوبانەکان ئەنجامدەدرێن،سەکۆیەکی گرنگن بۆئەوەی هێما جیاوازەکان بۆ شۆفێران ڕوونبکرێنەوە و لە پەیامەکانی ناوەوەیان ئاگادار و هۆشیار بکرێنەوە.

## تەوەری سێیەم: لایەنی شیکاریی توێژینەوە(نموونەیەك لە هێما نازمانییەکانی بواری هاتووچۆ لە ناوەندی قەزای کەلار و ماناکانیان)

لەم تەوەری توێژینەوەکەدا؛ لەنێوان هەر سێ جۆرەکەی هێما نازمانییەکانی بواری هاتووچۆ، کە لەخاڵییەکەملە تەوەری دووەمی توێژینەوەکە باسکراون، توێژەران (26) هێمای نازمانی بواری هاتووچۆیان بەشێوەی (مشتەی پشکەکان) لە چەند شەقامێکی سەرەکی سەنتەری قەزای کەلار بە نموونە وەرگرتووە، پاشان هەر هێمایە و واتا زمانییەکەیان شیکردووەتەوە.

هێماکان لە پرۆسەی هاتوچۆدارێنیشاندەرن بۆ گشت بەکارهێنەرانی شەقام. بەشێوازێکی گشتی زمانێکی جیهانیان هەیە، لە گشت وڵاتانی دونیا هەمان مەبەست و مانا و ئامانجیان هەیە، لێکچوونێکی تەواویان هەیە، (جگە لە هەندێك جیاوازیرووالەتیانە)، ئەگینالەناوەرۆکدا هاوشێوەییەکترین.

لەخشتەی (1)، ژمارەیەك لە هێما نازمانییەکان خراونەتەڕوو و لەبەشی خوارەوەی هەریەکەشیان واتا زمانییەکانیان بە پشتبەستن بە زانیاریی توێژەران خۆیان، کە سەرباری ئەزموونی زانستییان، پشتیان بە ئەزموونی چەند ساڵەی خۆیان لەبواری شۆفێری بەستووە، ئەوە سەرباری وەرگرتنیپرس و ڕاوێژ بە پسپۆرانی بوارەکە و خوێندنەوەی سەرچاوەی زانستییەکان لەو بوارەدا.بڕوانە خشتەی (1).

خشتەی (1): هێما نازمانییەکانی بواری هاتووچۆ لە کەلار و واتای زمانییان پیشاندەدات.

| | | | |
|---|---|---|---|
| هێمای نازمانی |  | هێمای نازمانی |  |
| واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری هێما نازمانییەکانیپێدانیزانیاریی و ئاراستەکردنە، لە دەرکەوتنی ڕووکاری هەندێك بینا و باڵەخانەی جۆربەجۆر پێکهاتووە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی لێرەبەدوا شاری کەلار دەستپێدەکات و لە دەستەڕاستی دەروازەی باکووری شارەکە دانراوە. | واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری هێمای ئاراستەکردنە، کە لە دەرکەوتنی ڕووکاری هەندێك بینا و باڵەخانەی جۆربەجۆر پێکهاتووە و هێڵێکی سووری بەسەردا هاتووە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی لێرەبەدوا شاری کەلار بەجێدەهێڵێت و لە دەستە چەپی دەروازەی باکووری شارەکە دانراوە. |
| هێمای نازمانی |  | هێمای نازمانی |  |
| واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری هێماکانی ئاراستەکردنە، کە لە سێ هێڵی چەماوەیی پێکهاتووە، ڕێپیشاندەری شۆفێر دەکات بەرامبەر بە ئاراستەی لێخورین لە چوار ڕیانەکەدا(فولکە)، کە نزیک نەخۆشخانەی خزمەتی تایبەتە. | واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری هێمای خزمەتگوزارییە، کە بریتییە لە چەتاڵ و کەوچکێك، ڕێگە بە شۆفێر پیشاندەدات لەم ناوچەیە چێشتخانە هەیە. ناوچەکەش بریتییە لە نزیك چێشتخانەی سۆران لە دەروازەی باشووری کەلار. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هێمای نازمانی |   | هێمای نازمانی |  |
| واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری هێما نازمانییە خزمەتگوزارییەکانە، لە تابلۆیەکی ئەندازەیی ڕەنگ زەرد پێکهاتووە و ئۆتۆمبیلێکی لە جۆری پاس تێدا نەخشێنراوە، ئاماژەیە بۆ شوێنی ڕاوەستانی ئۆتۆمبیلی جۆرپیاس. | واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری ئاگادارکردنەوەیە و لە هێڵێکی کورتی تیر و ئەستوور پێکهاتووە، کە هێڵێکی باریك و ناتیر لەلای ڕاستەوە تێکەڵی بووە، ئاماژەیە بۆئەوەی، کە ڕێگەیەکی لاوەکی لای ڕاستەوە دێتە نێو ڕێگە سەرەکیەکە. |
| هێمای نازمانی |  | هێمای نازمانی |  |
| واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری هێمای وریاکردنەوەیە، ناوەڕۆکی هێماکە لە ئۆتۆمبیلێکی ڕەنگ ڕەش لە دەستە ڕاست و ئۆتۆمبیلێکی ڕەنگ سوور لە دەستەچەپ پێکهاتووە، ئاماژەیە بۆئەوەی لەم ناوچەیە تێپەڕاندن قەدەغەیە، مەبەست لێی ڕیکخستنە، وێنەکەش جادەی پشتینەی کەلارەلەتەنیشتکامپی سەرەکی زانکۆی گەرمیان. | واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری هێمای وریاکردنەوە و ئاگادارکردنە، بەواتایی ئەوەی لە پێشەوە تاسەی دەستکرد (لەمپەر) هەیە. ئەو پەیامە بە شۆفێر دەدات خێراییەکەی کەمبکاتەوە. وێنەکەش لە شەقامی سەرەکی کەلار- سلێمانی و لە نێوان هەردوو گەڕەکی ئازادی و گازینۆ گیراوە. |
| هێمای نازمانی |  | هێمای نازمانی |  |
| واتا و مەبەست | ئەم هێمایە، کە لە وێنەی دارێك لەشێوەی سنەوبەر پێکهاتووە و شێوەیەکی کورسی دانیشتن دەرکەوتووە، ئاماژەیە بۆئەوەی، کە ئێرە باخچەیە و شوێنی حەوانەی گەشتیار و ڕێبوارە. ناوچەکە بریتییە لە پارکی (شەهید حەمەڕەش) لە کەلار. | واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری هێمای زانیاریی و ڕێپیشاندانە، بە واتاتی ئەوەی لەم ناوچەیەدا فەرمانگەی شوێنەوار و گەشتوگوزاریی هەیە، کە مەبەستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری ناوچەکەیە. |
| هێمای نازمانی |  | هێمای نازمانی |  |

| | | | |
|---|---|---|---|
| واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری هێمای زانیارییدان و خزمەتگوزارییەکانە،کە لە شێوەی تانکی بانزینی ئۆتۆمبیلە، بە واتای ئەوە دێت، کە لەم ناوچەیەدا بانزینخانە هەیە. ناوچەکەش لە بەنزینخانەی (شار) پێکهاتووە لەسەر ڕێگەی سەرەکی (کەلار- کفری) | واتا و مەبەست | ئەم هێما نازمانییە لە جۆری هێمای زانیارییدان و ئاراستەکردنە، کە لە قەڵایەك پێکهاتووە و ئاراستەیەك بەرەو دەستە ڕاست دەرکەوتووە، بە واتا لە دەستەڕاستی ئەم ناوچەیە قەڵایەك هەیەکە مەبەستی لە قەڵای شێروانەیە لە قەزای کەلار. |
| هێمای نازمانی |  | هێمای نازمانی |  |
| واتا و مەبەست | ئەم هێمای لە جۆری هێمای زانیارییدان و ڕێنیشاندەرە، لەناو هێماکەدا شێوەی کامێرایەك بەدیدەکرێت، ئاماژەیە بۆ هەبوونی کامێرای چاودێریی خێرایی لێخوڕین لەم ناوچەیەدا کە بریتییە لە شەقامی بازنەیی کەلار. | واتا و مەبەست | ئەم هێما نازمانییە لە جۆری هێمای ورياکردنەوەیە، شێوەی کوڕ و کچێکە، کە هەریەکە و جانتایەکی بەدەستەوەیە دەرکەوتووە، واتای ئەوە دەگەیەنێت کە لە پێشەوە شوێنی پەڕینەوەی قوتابیان لە قوتابخانەوە بۆ ماڵەوە هەیە. |
| هێمای نازمانی |  | هێمای نازمانی |  |
| واتا و مەبەست | ئەم هێما نازمانییە لە جۆری هێماکای ورياکردنەوەیە، ئاماژەی بۆ ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگر کردووە، واتای ئەوە دەگەیەنێت،ئاگاداربە بەکارهێنانی ئەو جۆرە ئۆتۆمبیلانە لەم ناوچەیە کە سەنتەری شارە قەدەغەیە و ڕێگەپێنەدراوە، کە مەبەست لێی ڕێکخستنە. | واتا و مەبەست | دوو هێما لە وێنەکەدا دەرکەوتووە. یەکەمیان،بەهۆی ئەکرۆنیمەوە، پیتی (H)ی زمانی ئینگلیزیی، هێمای زمانی پێکهیناوە، ئاماژەیە بۆ هەبوونی نەخۆشخانە لەو ناوچەیە وئەوەی تریشیان؛ شێوەی کەسێك دەرکەوتووە لە شەقامێك دەپەڕێتەوە، ئاماژەیە بۆ هەبوونی ناوچەی پەڕینەوەی پیادەکان لەو شوێنەدا. |
| هێمای نازمانی |  | هێمای نازمانی |  |
| واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری هێما خزمەتگوزارییەکانە، هێماکە لە دوو تای تەرازوو پێکهاتووە، گوزارشتە بۆئەوەی، کە لەم ناوچەیە بینای دادگا هەیە. هاوکات لەو ناوچەدا بینای دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکووك – گەرمیان هەیە. | واتا و مەبەست | ئەم هیمایە لە جۆری هێما نازمانییەکانی ئاگادارکردنەوەیە، ئاماژە و واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە لە پێشەوە ترافیك لایتی پۆلیسی هاتووچۆ هەیە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هێمای نازمانی |  | هێمای نازمانی |  |
| واتای زمانی | ئەم هێمایە لە جۆری هێما ڕێنیشاندەرە خزمەتگوزارییەکانە، کە لە بینایەیەکی سەر گۆمەزی و منارەیەك پێکهاتووە، گوزارشتە بۆئەوەی، کە لەم ناوچەیەدا مزگەوت هەیە.ئاماژەیە بۆ هەبوونی مزگەوتی گەورەی شاری کەلار لەو ناوچەیەدا. | واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری هێما نازمانییەکانی وریاکردنەوەیە، کە لە شێوەی لێکدان و بەڕەنگی سوور نەخشێنراوە لە خوارەوەشی دوو هێمای بەرەو ژوور و بەرەو خوار دەبینرێت، مانای ئەوە دەدات، ناوچەی قەدەغەکردنی ڕاوەستان و پارککردنی ئۆتۆمبیل دەستپێدەکات، کە مەبەست لێی ڕێکخستنە. |
| واتا و مەبەست |   | واتا و مەبەست |  |
| واتا و مەبەست | لە وێنەکەدا دوو هێمای نازمانی دەرکەوتووە، یەکەمیان؛لە جۆری هێمای پابەندبوونی پێشرەوییە، ئاماژەیە بۆ ئەوپەڕی خێرایی ڕێگەپێدراو لەو ناوچەیە بریتییە لە (60) کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا، دووەمیشیان، هێمایە بۆ هەبوونی کامێرای ڕادار لەسەر هەمان ڕێگە. | واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری هێما نازمانییەکانی ئاراستەکردنە، دوو هێڵی دوو ئاراستەیی لەنێو شێوە ئەندازەییەکی گۆیی دەرکەوتووە، ئاماژەیە بۆئەوەی، کە شۆفێر دەتوانێت بەهەردوو ئاراستەکەدا بڕوات. ناوچەکە بەردەم پەیمانگەی کۆمپیوتەری کەلار پیشاندەدات. |
| هێمای نازمانی |  | هێمای نازمانی |   |
| واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری هێما وریاکردنەوە و ئاگادارکردنەوەیە، واتاکەی بریتییە لەوەی، کە لە پێشەوە پێچکردنەوە (یوتێرن) بۆ دەستەچەپ قەدەغەیە. | واتا و مەبەست | هێمای ڕێنیشاندەر دەرکەوتووە، ڕێگە بە شۆفێر پیشاندەدات، کە چۆن و بە چ ڕێگەیەك دەتوانێت لە دەروازەی باکووری شاری کەلارەوە بەرەو قەزاکانی (خانەقین) و (کفری) و ناحیەکانی: ڕزگاری، سەنگاو، جەلەولا و تەنانەت سەنتەری شارەکەش بڕوات. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هێمای نازمانی |  | هێمای نازمانی |  |
| واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری هێما نازمانییە خزمەتگوزارییەکانە لەناو شێوە ئەندازەییەکەی بواری هاتووچۆ دەستێك دەرکەوتووە، کە هەندێك پارەی کاغەزی بەدەستەوە گرتووە و لەگەڵ چەند پولێکی تری دراو، ئەوەش هێمایە بۆ هەبوونی بانك لەو ناوچەیەدا، کە بریتییە لە هەبوونی هەردوو بانکی کەلار و بانکی کشتوکاڵی گەرمیان. | واتا و مەبەست | ئەم هێمایە لە جۆری هێمای نازمانی زانیارییدانە، وێنەکەرێنیشاندەی شۆفێر دەکات لە دەستەڕاستی ئەو ناوچەیە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆ هەیە، وەك ئاماژەیەك بۆ بەشی پۆلیسی هاتووچۆی ناوشاری کەلار، کە کەوتووەتە ئەو ناوچەیەوە. |

## تەوەری چوارەم: پراکتیکنامەی توێژینەوە
## (ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان لە ئاشناکردنی شۆفێران بە هێما زمانییەکانی هاتووچۆ)

لەم تەوەرەدا؛ بە ئامانجی زانینی ئاستی ئاشنایەتیی شۆفێران بە هێما نازمانییەکانی هاتووچۆ لەڕێگەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، توێژەران فۆرمێکیڕاپێوییان ئامادەکردووە، کە لە سێ تەوەر و (8) پرسیار و (58) بڕگە پێکهاتووە و لەلایەن سێ پسپۆڕی بواری زمانی کوردیی و ڕاگەیاندن هەڵسەنگاندنی زانستیی بۆ ئەنجامدراوە و پاشان بەشێوەی ئۆنلاین بەسەر بەرتوێژان لە شۆفێرانی سنوری سەنتەری قەزای کەلار بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیرەگەز، تەمەن و بڕوانامە دابەشیانکردووە. لە خوارەوە ئەنجامەکان خراوەتەڕوو.

### یەکەم: زانیارییە کەسییەکان:

- **ڕەگەز، تەمەن و بڕوانامەی بەرتوێژان.**

**ڕەگەز:** پلەیەکەمی بەرتوێژان لە شۆفێرانی قەزای کەلار کە بەشداریڕاپێوینامەی توێژینەوەکەیان کردووە، بەڕێژەی (78.3%) لەڕەگەزی (**نێر**)ن و (21.7%)شیان لە پلەی پلەی دووەم لەڕەگەزی (**مێ**) بوون. ئەوەش ئاماژەیە بۆئەوەی، کە زۆرترینی شۆفێران لە سنوری قەزای کەلار لەڕەگەزی (نێر) پێکهاتوون.

**تەمەن:** زۆرینەی شۆفێران لە پلەیەکەم تەمەنیان لەنێوان**(30-35 ساڵ)**دایە و پلەی دووەمیشیان لە نێوان**(36-41 ساڵ)**دایە، پاشان تەمەنەکانی تر، ئەو ئەنجامەش بەڵگەی ئەوەیە، کە زۆرترینی شۆفێران لە گەنجان پێکهاتوون، هۆکارەکەشی بۆ شیاویەتی ئەو تەمەنە لەڕووی جەستەیی و عەقڵی و یاسایی بۆ شۆفێریکردن دەگەڕێتەوە.

**بڕوانامە:** بەشی هەرەزۆری بەرتوێژان لە شۆفێرانی قەزای کەلار لە پلەیەکەم هەڵگری بڕوانامەی(زانکۆیی– بەکالۆریۆس)ن، کە دەکاتە (58.9%)، پلەی دووەمیشیان بەڕێژەی (30.4%) لە خاوەن بڕوانامەباڵاکانی:**(دبلۆمی باڵا، ماستەر و دکتۆرا)** پێکهاتوون، دواتریش**بنەڕەت**،**ئامادەیی** و **بێ بڕوانامە**. ئەوەش دیسان ئاماژەیە بۆ تەمەنی گونجاو بۆ شۆفێریکردن لەڕووی عەقڵی، جەستەیی و یاسایی. بڕوانە خشتەی (1)، زانیارییە کەسییەکانی بەرتوێژان پیشاندەدات.

خشتەی (1): زانیارییە کەسییەکانی بەرتوێژان لە شۆفێرانی کەلار پیشاندەدات.

| زانیارییە کەسییەکان | | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1- ڕەگەز | نێر | 396 | 78.3 | 1 |
| | مێ | 110 | 21.7 | 2 |
| 2- تەمەن | 18-23ساڵ | 38 | 7.5 | 5 |
| | 24-29ساڵ | 80 | 15.8 | 4 |
| | 30-35ساڵ | 150 | 29.6 | 1 |
| | 36-41ساڵ | 146 | 28.9 | 2 |
| | 42ساڵ و بۆ سەرەوە | 92 | 18.2 | 3 |
| 3- بڕوانامە | بێ بڕوانامە | 4 | 0.8 | 5 |
| | بنەڕەت | 28 | 5.5 | 3 |
| | ئامادەیی | 22 | 4.3 | 4 |
| | زانكۆیی | 298 | 58.9 | 1 |
| | خوێندنی باڵا | 144 | 30.4 | 2 |

## دووەم: هۆكارەكانی تەماشاكردنی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەكانی بواری هاتووچۆ.

### 4- سەرچاوەكانی هۆشیاریی لە بواری هاتوچۆ.

**(دەكرێت زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێریت)**

زۆرترینی شۆفێرانی كەلار لە پلەییەكەم و بەڕێژەی (60.1%) بەشداربوون لە(خوولی فێربوونی شۆفێری) بە سەرچاوەی سەرەكی هۆشیارییان لە بواری هاتووچۆ دەزانن، (50.2%) لە پلەی دووەم(هەڵمەتەكانی هۆشیاریی هاتووچۆ)، (49.8%)یان لە پلەی سێیەم(ئامرازەكانیڕاگەیاندن) و پلەی چوارەم كۆتاییش؛ بەڕێژەی (22.9%) سەرچاوەی سەرەكیان لەو بوارە بریتییە لە(پرۆگرامەكانی خوێندن). ئەو ئەنجامەش دەرخەری ئەوەیە، كە سەرچاوەی هۆشیاریی شۆفێران لە بواری هاتووچۆ هەمەچەشنە و ئامرازەكانیڕاگەیاندنیش پێگەیەكی گرنگیان لەو بوارەدا هەیە. بڕوانە خشتەی (2)، سەرچاوە سەرەكییەكانی هۆشیاریی شۆفێران لە بواری هاتووچۆ پیشاندەدات.

خشتەی (2): سەرچاوەی هۆشیاریی لە بواری هاتووچۆ لەلای شۆفێرانی قەزای كەلار پیشاندەدات.

| سەرچاوەكانی هۆشیاریی لە بواری هاتووچۆ | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| ئامرازەكانی ڕاگەیاندن | 152 | 49.8 | 3 |
| خوولی فێربوونی شۆفێری | 304 | 60.1 | 1 |
| پرۆگرامەكانی خوێندن | 116 | 22.9 | 4 |
| هەڵمەتەكانی هۆشیاریی هاتووچۆ | 154 | 50.2 | 2 |

### 5- پێگەی ئامرازەكانیڕاگەیاندن لە بواری هۆشیاریی هاتووچۆ

**(دەكرێت زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێریت)**

پلەییەكەمیشۆفێرانی قەزای كەلار بەڕێژەی (83%)، لەنێو ئامرازەكانیڕاگەیاندن،(تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان) بە سەرچاوەی هۆشیارییان لە بواری هاتووچۆ دەزانن،(ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن) لە پلەی دووەم و بەڕێژەی (54.2%)، پلەی سێیەم(ماڵپەڕە

ئەلیکترۆنییەکان) بەڕێژەی (28.5%) و (ڕۆژنامە و گۆڤار)یش لە پلەی چوارەم و بەڕێژەی (4.3%) هاتووە. دەردەکەوێت، کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانسەرچاوەیەکی زۆر جێگە بایەخە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لە بواری هاتووچۆ و هۆکارەکەشی بۆ تایبەتمەندییە جۆربەجۆرەکانی و بەرفراوانی پانتایی بەکارهێنان دەگەڕێتەوە، پاشان ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیش پێگەیەکی بەهێزی بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی هاتووچۆیی هەیە و هۆکاری ئەمەشیان دیسان بۆ زۆری بەکارهێنان و تایبەتمەندی گرنگی هەردوو ئامرازەکە دەگەڕێتەوە. بڕوانە خشتەی (3)، پێگەی ئامرازەکانیڕاگەیاندن لە بواری هۆشیاریی هاتووچۆ پیشاندەدات.

خشتەی (3): پێگەی جۆری ئامرازەکانیڕاگەیاندن لە هۆشیاریی هاتووچۆ لای شۆفێران پیشاندەدات.

| پێگەی جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هۆشیاریی هاتووچۆدا | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| ڕۆژنامە و گۆڤار | 22 | 4.3 | 4 |
| ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن | 274 | 54.2 | 2 |
| ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان | 144 | 28.5 | 3 |
| تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | 420 | 83 | 1 |

## 6- تەماشاکردنی بەرنامە ناوەڕۆك جیاوازەکان لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردییەکان (دەکرێت زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێریت)

پلەیەکەمی بەرتوێژان لە شۆفێرانی قەزای کەلار بەڕێژەی (44.3%) تەماشای(بەرنامەی سەلامەتی هاتووچۆ) دەکەن، (بەرنامەی وەرزشیی) بەڕێژەی (41.5%) لە پلەی دووەم،(بەرنامەی کۆمەڵایەتیی) بەڕێژەی (38.7%) لە پلەی سێیەم، پاشان بەرنامەکانی: (سیاسیی، تەندروستیی، تەکنەلۆژیی، ئەدەبیی و هونەریی، ئابووریی) هاتوون. بەپێی ئەو ئەنجامانە، لەنێو هەموو بەرنامە ناوەڕۆك جیاوازەکان، بەرنامەی (سەلامەتی هاتووچۆ) بەلای شۆفێران، لەڕووی ئاستی تەماشاکردن، لە پێشینەی هەموو بەرنامەکانە بە جیاوازییەکی ئێجگار زۆر، ئەوەش ئامادەیی ئەوان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییان لەبارەی کارەکەیان (شۆفێریی) پیشاندەدات، ئەو ئەنجامەش دەرفەتێکی باش بە هۆکار و ئامرازەکانیڕاگەیاندن دەدات گرنگیزیاتر بە بەرنامەکانی تایبەت بە هاتووچۆ بدەن. بڕوانە خشتەی (4)، ئاستی تەماشاکردنی بەرنامەکان لە تەلەڤزیۆنە کوردییەکان پیشاندەدات.

خشتەی (4): تەماشاکردنی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان بەپێی سرووشتیان لەلای بەرتوێژان پیشاندەدات.

| تەماشاکردن بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە کەناڵە کوردییەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەرنامەی سیاسیی | 174 | 34.4 | 4 |
| بەرنامەی تەندروستیی | 164 | 32.4 | 5 |
| بەرنامەی وەرزشیی | 210 | 41.5 | 2 |
| بەرنامەی سەلامەتی هاتووچۆ | 224 | 44.3 | 1 |
| بەرنامەی ئەدەبی و هونەریی | 102 | 20.2 | 7 |
| بەرنامەی تەکنەلۆژی | 106 | 20.9 | 6 |
| بەرنامەی کۆمەڵایەتیی | 196 | 38.7 | 3 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەرنامەی ئابووریی | 68 | 13.4 | 8 |
| بەرنامەی ئایینی | 224 | 44.3 | 1 |

**سێیەم: پاڵنەرەکانی تەماشاکردنی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی تایبەت بەبواری هاتووچۆ.**
**(دەکرێت زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێریت)**
**7- هۆکارەکانی پشت تەماشاکردنی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی بواری هاتووچۆ.**

بەرتوێژانی توێژینەوەکە، کە لە شۆفێرانی قەزای کەلار پێکهاتوون، ئاماژەیان بە چەند هۆکار و پاڵنەرێکی جیاواز کردووە کە وەهایلێکردوون تەماشای بەرنامەکانی هۆشیاریی لە بواری هاتووچۆ لەڕێگەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان بکەن، بەمشێوەیەی خوارەوە:
پلەییەکەمیان؛ بەڕێژەی (58.5%) هۆکارەکەیان بۆ(ئاشنابوون بەیاسا و ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی هاتووچۆ و ڕێزگرتن و پابەندبوون پێیان) گەڕاندووەتەوە، پلەی دووەمیان؛ بەڕێژەی (47%) بۆ هۆکاری(ئاگاداربوون لەڕووداوەکانی هاتووچۆ)، پلەی سێیەمیشیان؛ بەڕێژەی (36.8%) بۆ هۆکاری(دەوڵەمەندکردنی لایەنیڕۆشنبیریی لەبارەی بواری هاتووچۆ).
پاشانیش هۆکارەکانی دیکە بەشێوەی زنجیرەیی بەمشێوەیە، هاتوون: (گەیشتن بە رەفتارە تەندروستەکانی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل)، (زانینی واتای تەواوەتی نیشانە و هێماکانی هاتووچۆ)، (هەمەجۆرکردنی ئەزموونەکانی ژیانی شۆفێریی)، (بۆ چۆنیەتییڕێزگرتن لە مافی پیادەڕەوەکان، ماتۆڕسوار و پاسکیلسوارەکان)، (بایەخپێدانی تایبەت بۆ بواری هاتووچۆ)، (دەوڵەمەندی ناوەڕۆکی بەرنامەکان لەڕووی جۆر و قەبارەی زانیارییەکان)، (کاتبەسەربردن)، (بەکارهێنانی شێوازی پێشکەوتووی هونەریی و تەکنیکی لە بەرهەمهێنانی بەرنامەکان)، (هەڵهاتن لە واقیع و ڕۆتیناتیڕۆژانە)، (هەڵبژاردنیڕێگەی کاریگەر بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەکان).
ئەنجامەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە پاڵنەری(هەمەچەشنی زانیاریی) بەڕێژەیەکی بەرز و لە پلەییەکەم لەو هۆکارانەیە، کە شۆفێران بەهۆیەوە تەماشای بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی بواری هاتووچۆ لە کەناڵەکان دەکەن، لە پلەی دووەم پاڵنەری(خودی)، پاشان پاڵنەری(تەکنیکی) لە پلەی سێیەم، هەریەك لە پاڵنەرەکانی: (دەروونیی)،(شێوازی پێشکەشکردن) و (زمان)یش لە پلەکانی چوارەم، پێنجەم و شەشەم هاتوون.
بەپێی ئەو ئەنجامانەش بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی تایبەت بە بواری هاتووچۆ زانیاریی گرنگ و هەمەجۆرییان بۆ شۆفێران بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییان لە بوارەکە تێدایە، هەروەها ئامادەییەکی گرنگییش لەلایەن شۆفێران هەیە بۆ تەماشاکردنی بەرنامەکان و سوودوەرگرتن لە ناوەڕۆکەکانیان. بەتایبەتبۆ ئاشنابوون بەیاسا و ڕێنمایی و ئامۆژگاریی هاتوچۆ، زانینی قەبارە و ئامارێڕووداوەکان.
بڕوانە خشتەی (4)، پاڵنەر و هۆکارەکانی پشت تەماشاکردنی بەرنامەکانی هۆشیاریی لە بواری هاتوچۆ لەڕێگەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان پیشاندەدات.
خشتەی (4): ئەو پاڵنەرانە پیشاندەدات بەهۆیانە شۆفێران تەماشای بەرنامەکانی هۆشیاریی لە بواری هاتوچۆ لەڕێگەی بەرنامە تەلەڤزیۆنیەکان دەکەن.

| جۆری پاڵنەر | بڕگە | ئەنجام: د | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| هەمەچەشنی | دەوڵەمەندی ناوەڕۆکی بەرنامەکان لەڕووی جۆر و قەبارەی زانیارییەکان . | 74 | 14.6 | 9 |
| | ئاشنابوون بە یاسا و ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی هاتووچۆ و ڕێزگرتن و پابەندبوون پێیان. | 296 | 58.5 | 1 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2 | 47 | 238 | ئاگاداربوون لە ڕووداوەکانی هاتووچۆ. | زانیاریی |
| 7 | 19.8 | 100 | بۆ چۆنیەتیی ڕێزگرتن لە مافی پیادەڕەوەکان، ماتۆڕسوار و پاسکیلسوارەکان . | |
| 4 | 26.9 | 156 | گەیشتن بە ڕەفتارە تەندروستەکانی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل. | |
| 3 | 36.8 | 186 | دەوڵەمەندکردنی لایەنی ڕۆشنبیریی لەبارەی بواری هاتووچۆ. | |
| 5 | 21.3 | 108 | زانینی واتای تەواوەتی نیشانە و هێماکانی هاتووچۆ . | |
| 8 | 15 | 78 | بایەخپێدانی تایبەت بۆ بواری هاتووچۆ. | خودی |
| 6 | 20.2 | 102 | هەمەجۆرکردنی ئەزموونەکانی ژیانی شۆفێری | |
| 13 | 6.3 | 32 | هەڵبژاردنی ڕێگەی کاریگەر بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەکان. | شێوازی پێشکەشکردن |
| 11 | 9.1 | 46 | بەکارهێنانی شێوازی پێشکەوتووی هونەریی و تەکنیکی لە بەرهەمهێنانی بەرنامەکان. | تەکنیکی |
| 14 | 4.3 | 22 | ڕەوانی و سەرنجڕاکێشی زمانی بەرنامەکان. | زمان |
| 10 | 9.9 | 50 | کاتبەسەربردن | دەروونیی |
| 12 | 7.1 | 36 | هەڵهاتن لە واقیع و ڕۆتیناتی ڕۆژانە | |

## سێیەم: شارەزایی شۆفێران لە هێما نازمانییەکانی هاتووچۆ لەڕێگەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان

### 8- لێکەوتەی تەماشاکردنی بەرنامەکانی هاتووچۆ لەسەر لایەنی شارەزایی و تێگەیشتنی شۆفێران بە هێما نازمانییەکانی هاتووچۆ





لەم تەوەرەدا؛ بۆ زانینی لێکەوتە و شوێنەواری تەماشاکردنی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی تایبەت بە بواری هۆشیاریی هاتووچۆ لەسەر ئاستی شارەزایی و ئاشنایەتی شۆفێرانی قەزای کەلار بە ئەو پەیامانەی، کە هەریەك لە هێما نازمانییەکان هەڵیانگرتووە و گوزارشتن لە بار و ناوەڕۆکێکی دیارکراو، توێژەران لە نێو دەیان هێمای نازمانی بواری هاتووچۆ، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بەلەبەرچاوگرتنی بەکارهاتنیان لە سنوری شوێنی توێژینەوە، (25) هێمایان خستەبەردەست شۆفێران، تاوەکوو لە ئاستیڕۆڵ و کاریگەریی بەرنامەکان لە گەیاندن و ڕوونکردنەوەی هێما نازمانییەکان دڵنیاببنەوە.

بەپێی ئەنجامەکان بەڕوونی ئەوە دەرکەوت، کە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی تایبەت بە بواری هاتووچۆ بەڕادەیەکی ئێجگار بەرز کاریگەریی و لێکەوتەی ئەرێنی گرنگیان لە ئاشناکردنی شۆفێران بە ناوەڕۆکی هێما نازمانییەکان هەبووە.

گرنگی ئەوڕۆڵەی ئەرێنییەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە ئاشناکردنی شۆفێران بە هێما نازمانییەکانی بواری هاتووچۆ لە چەند لایەکەوە دەردەکەوێت: تەندروست بەکارهێنانیڕێگەکان لەلایەن شۆفێران و بەدووریبیان لەو مەترسی و هەڵوێستە چاوەڕوانکراوەکان، هەروەها هاوکار دەبێتلەڕێکخستنی جووڵەی هاتوچۆی نێوان ئۆتۆمبیلەکان، هەروەها ئەوانی تریش، کەڕێگاکە بەکاردەهێنن، بۆنموونە: پیادەڕەوەکان و ماتۆڕسوار و دووچەرخەکان. پاشان ڕۆڵی گرنگ لە کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی داخرانیڕێگاکان و ڕووداوەکان هەیە، پرۆسەی شۆفێری لەسەرڕێگەکان و جووڵەی ئۆتۆمبیلەکان لەیەکتربڕەکانیشڕێکدەخات، لەگەڵ دەستەبەرکردنی سەلامەتیی بۆ پیادەکان و پارێزگاریکردن لێیان لەکاتی پەڕینەوەدا لەلایەن شۆفێران.

لەپاڵ ئەوەش چەند هێمایەکی نازمانی زۆر کەم هەن کە شۆفێران نەیانتوانیوە، وەك پێویست لە مانا و ناوەڕۆکە نازمانییەکانیان بگەن، دەشێت هۆکاری ئەوەش بۆ سرووشتی ئەو جۆرە هێمایانە بگەڕێتەوە، کە بەراورد بەوانی تر کەمترین بەکارهێنانیان لە سەنتەری شارەکان هەیە،یاخوودهۆکارەکەی ئەوەبێت لەلایەن بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان زیاتر تیشك دەخرێتە سەر ناساندنی ئەو هێمایانەی، کە زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە. بڕوانە خشتەی (8)، لێکەوتەی تەماشاکردنی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لەسەر شارەزایی شۆفێران بە هێما نازمانییەکانی هاتووچۆ پیشاندەدات.

خشتەی (8): شارەزایی شۆفێران بە هێما نازمانییەکانی هاتووچۆ لەڕێگەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لەلای شۆفێرانی کەلار پیشاندەدات.

| ژ | هێمایهاتووچۆ | بژاردە | | | | ژ | هێمایهاتووچۆ | بژاردە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | | نەخێر | | | | بەڵێ | | نەخێر | |
| | | د | % | د | % | | | د | % | د | % |
| 1 |  | 328 | 64.8 | 178 | 35.2 | 2 |  | 406 | 80.2 | 100 | 19.8 |
| 3 |  | 354 | 70 | 152 | 30 | 4 |  | 356 | 70.4 | 150 | 29.6 |
| 5 |  | 384 | 75.9 | 122 | 24.1 | 6 |  | 416 | 82.2 | 90 | 17.8 |
| 7 |  | 384 | 75.9 | 122 | 24.1 | 8 |  | 280 | 55.3 | 226 | 44.7 |
| 9 |  | 246 | 68.4 | 160 | 31.6 | 10 |  | 378 | 74.7 | 128 | 25.3 |
| 11 |  | 294 | 58.1 | 212 | 41.9 | 12 |  | 370 | 73.1 | 136 | 26.9 |
| 13 |  | 400 | 79.1 | 106 | 20.9 | 14 |  | 278 | 54.9 | 228 | 45.1 |
| 15 |  | 262 | 51.8 | 244 | 48.2 | 16 |  | 136 | 26.9 | 370 | 73.1 |
| 17 |  | 270 | 53.4 | 236 | 46.6 | 18 |  | 142 | 28.1 | 364 | 71.9 |
| 19 |  | 218 | 43.1 | 288 | 56.9 | 20 |   | 424 | 83.8 | 82 | 16.2 |

*Journal of Language Studies.* **Vol.8, No. 3 2024, Pages (136-172)**

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 37.5 | 190 | 62.5 | 316 |  | 22 | 20.9 | 106 | 79.1 | 400 |  | 21 |
| 24.5 | 124 | 75.5 | 382 |  | 24 | 24.9 | 126 | 75.1 | 280 |  | 23 |
| | | | | | | 29.2 | 148 | 70.8 | 358 |  | 25 |

## ئەنجام

لێرەدا گرنگترین ئەوئەنجامانەیکە لە لایەنی (شیکاریی) و (ڕووپێویی) توێژینەوەکە بەدەستهاتوون، خراونەتەڕوو.

1- هەموو هێما نازمانییەکانی بواری هاتووچۆ لەڕوویڕەنگ و شێوە و ناوەڕۆکەوەهەڵگری مانای زمانی تایبەت بەخۆیەتی و ئاراستەکردنی پەیامێکی دیاریکراوبەمەبەستیخزمەتگوزاریی و سەلامەتیی شۆفێران لە ناوچە جیاجیاکان دانراون.

2- سەرچاوەی هۆشیاریی شۆفێران لە بواری هاتووچۆ هەمەجۆرە و لەپاش (خوولی فێربوونی شۆفێری) و (هەڵمەتەکانی هۆشیاریی هاتووچۆ)، (هۆیەل و ئامرازەکانیڕاگەیاندن) بە سێیەم سەرچاوەی سەرەکی هۆشیاریی شۆفێران دادەنرێت.

3- لەنێو هۆیەل و ئامرازەکانیڕاگەیاندن، (تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان) یەکەمینسەرچاوەیە، کە جێگەی بایەخەبۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لە بواری هاتووچۆ و هۆکارەکەشی بۆ تایبەتمەندییە جۆربەجۆرەکانی و بەرفراوانی پانتایی بەکارهێنان دەگەڕێتەوە، پاشان (ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن).

4- زۆرینەی شۆفێران بەڕێژەیەکی بەرز تەماشای (بەرنامەی سەلامەتی هاتووچۆ) لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردییەکان دەکەن، پاشان (بەرنامەی وەرزشیی)، (بەرنامەی کۆمەڵایەتیی) دێت.

5- چەندین هۆکار و پاڵنەرهەیەبەهۆیانەوە شۆفێران تەماشای بەرنامەکانی تایبەت بە بواری هاتووچۆ لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان دەکەن، پلەییەکەمیان بەڕێژەیەکی بەرز بۆ پاڵنەری (هەمەچەشنی زانیاریی) دەگەڕێتەوە، دواتریش هەریەك لە پاڵنەرەکانی:(خودی)، (تەکنیکی)، (دەروونیی)، (شێوازی پێشکەشکردن) و (زمان).

6- بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی تایبەت بە بواری هاتووچۆ بەڕادەیەکی ئێجگار بەرز کاریگەریی و لێکەوتەی ئەرێنی گرنگیان هەیە لە ئاشناکردنی شۆفێران بە ناوەڕۆکی هێما نازمانییەکانی بواری هاتووچۆ، کە لە هێما و تابلۆ ئەندازەییە جۆراوجۆرەکان پێکهاتوون.

7- هەندێك هێمای نازمانی بواری هاتووچۆ، کە کەمترین بوون و بەکارهێنانیان لە سەنتەری شارەکان هەیە و بەو هۆیەوە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان تیشکێکی کەمیان خستووەتە سەر ناساندن و گەیاندنی ناوەڕۆکەکانیان، دەرکەوتووە زۆرینەی شۆفێران لە مانا و پەیامە نازمانییەکانیان تێنەگەیشتوون.

## ڕاسپاردە و پێشنیاز

1- بەکارهێنانی زمانێکیڕوون و سادە و ئاسان بۆ گەیاندن و ئاشناکردنی شۆفێران بە هێما نازمانییەکانی بواری هاتووچۆ لەڕێگەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی تایبەت بە بواری هاتووچۆ.
2- بەکارهێنانی شێوازی هونەریی و تەکنیکی بەرز لە بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی بەرنامەکانی تایبەت بە بواری هاتووچۆ لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان.
3- ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاریی لە نێوان ئامرازە جیاجیاکانیڕاگەیاندن لەڕووی توانا و ئاستی کاریگەریی هەریەکەیان لەسەرڕوونکردنەوە و گەیاندنی پەیامە نازمانییەکان لە بواری هاتووچۆدا.
4- لایەنە پەیوەندیدارەکان تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ گەیاندنی زۆرترین بەرنامە و پەیامەکانیان بەکاربهێنن بەتایبەت ئەو بەرنامانەی تایبەتن بە ئاشناکردنی شۆفێران بە هێما و تابلۆ ئەندازەییەکان.
5- بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی بواری هاتووچۆ لەلایەن پسپۆرانی بواری هاتووچۆ پێشکەشبکرێن و گرنگی بەڕوونکردنەوەی هەموو هێما نازمانییەکان بدرێت.

**Listi Sarchawakan - Refernce**

**Yakam: sarchawakanbazmaniKurdi**:


1. Abas SalihAbdula,(2015),hemagariwrangdanawai le shi'richand shairekinaw govari (nusarikurd)da,govari zankoi Slemani,zhmara(46),Slemani.
2. AbdulwahidMushirDzayi,(2015),zanstisimantik,chapiyakam,nawandiawerBochap w blawkrdnawa, Hawler.
3. Awat Ahmad Muhamad,(2020),shikrdnawaihemakanihatwcho w hande hemai tr la zmanikurdida,govariqalaizanst,Hawler.
4. Azad Ramazan Ali,(2005),bnama zmaniakani darshtni hawal la rozhnama kurdiakanda, namai dktora, kolege zman,zankoi Salahadin.
5. BadrkhanSleman Ali,(2015),lekawtaiakhawtai la romanikurdida. tezidktora, fakaltizanstamrovayatiakan,skulizman,zankoiSlemani,Slemani.
6. Dastan Sabr Mama,(2021),rolihemanazmaniakn la akhawtnikurdida, namai mastar, kolege zman, zankoi Salahadin,Hawler.
7. Hazhar Kamal Yusif,(2018),hemawwata(vakolinakasimantikia),govarazankoya Duhok,barpara21,zhmara:1,(zanstenmrovnasi w komalnasi)bp1-
8. HazharFaqeSlemanHusen,(2022),hemagari la daqa walakani Sherko Bkasda, namai dktora, kolegezman, zankoiSlemani.
9. Muhamad Maaruf Fatah, (1984),zmanawani, darlhikmaliltibaawalnashr fi Arbil,bayarmati zankoi Salahadin, chapkrawa,college, Adabbashizmani kurdi.
10. Muhamad Mahwi,(2009), zanstihema hema,wataw wata lekdanawa,bargi yakam,Slemani.
11. Rahim qadirSurkhi,(2005),roliwata la prosisi paiwandia gshtiakanda, namaimastar, zankoi Salahadin, Hawler.
12. Rebin Rasul w Diar Aziz,(2004),antropolgia,lekolinawayakishikaria,chapi yakam, chapkhanai Ranj.
13. Regr Muhamad Salim Saed, Osman Karim Abdulrahim,Twana Abdulrahman Abdula, Jwan Ahmad Husen (2021).

14. SangarAbdula Rahman,(2023),hemanazmaniakan la paiwandia warzshiakanda, namaimastar, kolegezman, zankoiSalahadin.
15. SarbastHusenQadir,(2023),bochuniganjansabaratbarolibarnamatalafzeonekan la tawtwekrdnibekari la kurdistanda,namaimastar,kolegezanstamrovayatiakan zankoi Slemani.
16. Shilan Omar Husain,(2015), halsangandni drustai kozaniari programi khwendni qonaghi bnarati khwendni kurdi wak nmuna,(5),govari zankoi Raparin.
17. Shilan Osman Abdulrahman,(2009), karabuni zman la paiwandia komalayatiakan, chapi yakam,chapkhanai Hawsar, Hawler.
18. Shna Abubakr Ahmad, (2008), zmani jasta, namai mastar kolege zman, zankoi Salahadin, Hawler.
19. Shno Awla Hamadamin,(2023),hemai wenaiw karegari la krdai gayandnda,tezi dktora, kolege parwarda,zankoi Raparin,Raparin.

**Dwam:sarchawakanbazmaniArabi**

20. Afnan Muhamad shaaban,(2016), albaramjsahia altalafzionia w taw'ia almustahlk,drasa tahlilia libaramjtufah alakhzar,markaz bhusl alsuq w hmaya twlmustahlk,mujala aliraqia libhus alsuq w hmayatwlmustahlk,almujalad(8), aladad(1),jamiat Baghdad.
21. Amr Ibrahim Qandilchi,(1996),tawsiq alsura fi alaalamsahshaba,wazaratsaqafa walaalam,shuwnsaqafia, alamatwl Baghdad.
22. Amr Salim Ali Husainan,(2023),dawralamamni fi nashrwl waaiwalsaqafa al mruria,almujala msria libhusrailAam-mujalad al thani walashrun,adad thani,(jzwlawal).
23. Darzi Bn Faihan Al buqumi,(2012),dawri dara madarsta alim Aam fi rafihmstawa alwaaimruri lada altalib mn wajha nazar mudiri madars madina altaifmualmihawatulabuha, rsalatmajster, jamiataumqura,kuliattarbia.
24. Fahad Bin Abdlrahman Al Shumaimri,(2010),tarbiat al alamia,kaifanataamlmal Aalam,maktaba al fahadlilnashr.
25. Hamid Asf, (2004), alamal alizaaei waltalfzioni-mafatihnjah wasrar w alabdaa, mutalb aldhzafratllnashirwaltabih,Msr.
26. Hasan muhamadkhairaldin,(1970), alum alslukia,maktabainalshams,qahira.
27. KazmMwanas,(2008),khitab alsura wal itsaliwahzian al awlama, awrdn,2008.
28. Muhamad alhaj Khalil,(1993),slukinsani fi idarattarbawia,darmajdlawi,Aman.
29. Muhamad Munir Hijab,(2014), itsalfaal lifaal alilaqatAma,daralfajr li nashirwaltawzih,Msr.
30. Muhamad Saadadin Bayan,(2010),tarbia al mruria:madkhal fi idadmwalim, jamiatNaif al Arabia li Alum amnia,Riadh.
31. MuhamdSairafi,(2006), itsalatidaria,mwasishursldwalia,aliskandaria.
32. Shahinaz Farha, Khukhaqabqub,(2020), musahima albaramj tilfzionia fi nashr thaqafia alsahia-drasamashia ala ainatmnmushahidi barnamjalsah ala qanat(linaTV) al fazaia, rsalatmajster, jamia tmuhamadkhaizara-baskara:-kuliat alum insaniawa al ijtimaia.
33. Sleman Ibrahim muhamad,(2014), madkhalila mafhum samaiatwlsura, mujalatwljamia, aladadsadisa al ashar,mujaladsani.

**Siam: sarchawakanbazmani Englizi**

**34-**L.S. Harms.(1974), Human communication,The New Fundamentals, New York.

**35-**Manusov,Valerie) .(2016) .Nonverbal communication. www.researchgate.net. Universityof Washington, USA
**36-**PEARSON, J., NELSON.P, TITSWORTH, S. AND HARTER, L., (2003). Human communication, McGeaw-Hillgigher Education.
37-Peirce sanders,(1931), The collected papers peirce: cross- Ref,cp
**38-**U.S. Department of Transportation Federal Highway Administration (FHWA),(2023), Sect. 1A.13.

**Chwaram: sarchawa aliktroniakan**

39-Bakhtiar Muhammad Abdulla(2016), rol w karigari, w manai hymakani hatucho, malpari (barewabayti hatuchoi parezgai slemani)
(https://www.sultraffic.com/birwra/2292)
40- Road Signs and Their Meanings, (2023),site of (drive-safely.
(https://www.drive-safely.net/road-signs-meanings/)
-41Hind Hassam,(2022), aalamat al tariq w maania bisur, mawqa,(almrsal).
(https://www.almrsal.com/post/1179277)